OPEN ACCESS
*Corresponding author
Botan Najat Ismael
botan.ismael@su.edu.krd

# کاریگەریی سۆشیاڵمیدیا لەسەر ئاسایشی زانیاریی لەهەرێمی کوردستان

**بۆتان نەجات ئیسماعیل**/ بەشی راگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر-هەرێمی کوردستان,عیراق
**پ.ی.د هاوژین عمر محمد**/ بەشی راگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر-هەرێمی کوردستان,عیراق

RECEIVED :22 /07/2025
ACCEPTED :11/09/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

## پوختە

پەرەسەندنی خێرای بەکارهێنانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لە هەرێمی کوردستان وەک ناوەندێک بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی زانیاریی، هاوکاتە لەگەڵ زیادبوونی مەترسیەکانی ئاسایشی زانیاریی لە ئاستە جیاوازەکاندا. ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی زانینی ئاستی کاریگەریی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لەسەر ئاسایشی زانیاریی لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەت لە ڕوانگەی رۆژنامەنووسان دەخاتەروو.

ئامانجی توێژینەوە پەیوەستە بە کاریگەریی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لەسەر ئاسایشی زانیاریی، هەروەها شێوازەکانی بەکارهێنانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا، و جۆرەکانی هەڕەشەی ئاسایشی زانیاریی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ئاستی هۆشیاری و زانیارییان سەبارەت بە ڕێکارەکانی پاراستن، ستراتیژە بەکارهاتووەکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکان خراوەتەروو. جۆری ڕێبازی توێژینەوەی بەکارهاتوو، توێژینەوەی وەسفیە، ئامانجی سەرەکی وەسفکردن و پەسندکردنی تایبەتمەندییەکانی دیاردە و کێشەکانە. کۆمەڵەی توێژینەوە بریتییە لە دەزگا و دامەزراوە میدیاکانی هەرێمی کوردستان، نموونەی توێژینەوەکەش پێکهاتووە لە رۆژنامەنووسانی کارا و شارەزا لە میدیای بینرا و بیستراو و ئەلیکترۆنی کاردەکەن، و ئەزموونی پیشەیی لە بوارەکانی میدیادا هەیە. بۆ دیاریکردنی نموونەی توێژینەوە، شێوازی نموونە هەڵبژاردنی مەبەستدار بەکارهێنراوە. کۆی گشتی نمونەکە (371) رۆژنامەنووس دەبێت. چوارچێوەی فۆرمی راپرسیەکە پێکهاتبوو لە (شەش) تەوەر، بەشت بەستن بە لایەنی ئاکاری توێژینەوە، و لە ڕێگەی پرۆگرامی (SPSS) شیکاری ئەنجامەکانی بۆ کراوە. ئەنجامی توێژینەوەکە لەوە سەرچاوە دەگرێت، کە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا کاریگەرییەکی دوولایەنەی لەسەر ئاسایشی زانیاریی لەنێو رۆژنامەنووساندا هەیە. لەلایەک تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا دەرفەتی باش بۆ دەستراگەیشتن بە سەرچاوەی جۆراوجۆری زانیاریی و پەیوەندی لەگەڵ بەکاربەران دابین دەکەن، و مەترسییەکی جدی لەسەر کوالێتی و ڕاستگۆیی زانیارییەکان دروست دەکەن. هەروەها رۆژنامەنووسان بە شێوەیەکی ئاگادارانە ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا نابنەوە و بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسییەکانی ئاسایشی زانیاریی پێویستیان بە ستراتیژی و ڕێکارەکانی کاریگەرتر هەیە.

**وشە سەرەکییەکان:**
کاریگەریی،
تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا،
ئاسایشی زانیاری،
هەرێمی کوردستان

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1. پێشەکی

تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا بەرهەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای نوێی زانیارییە، بەشێوەیەک لەگەڵ خۆیدا واقیعێکی نوێی میدیایی و پەیوەندیکردنی دروستکردووە، کە کاریگەری قووڵی لەسەر پەیوەندی نێوان ئامرازەکانی راگەیاندن و میدیاکاران و بەکاربەر و کۆی پرۆسەی پەیوەندیکردن لەلایەک و تەکنەلۆژیای نوێ لەلایەکی تر جێهێشتووە.

لە سەردەمی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای نوێی زانیاریی و پەیوەندییەکاندا، تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا بووەتە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی زانیاریی و دروستکردنی رای گشتی. بەڵام لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە تەکنەلۆژیا نوێیە، مەترسییەکانی پەیوەست بە ئاسایشی زانیاریی بە جۆرێکی بەرچاو زیادیان کردووە. هەرێمی کوردستان وەک ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕووبەڕووی ئاستەنگ و ئاڵنەگاري تایبەت دەبێتەوە لە بواری مەترسییەکانی سایبەری و ئاسایشی زانیاریی، لە هەمان کاتدا وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ گواستنەوەی زانیاریی و شێوەپێدانی بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤایەتی خۆیان پیشان داوە.

ئەم توێژینەوەیە هەڵوەستە لەسەر پەیوەندی نێوان تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا و ئاسایشی زانیاریی دەکات، بەجەختکردن لە کاریگەرییەکانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لەسەر ئاسایشی تاک و کۆمەڵگە. هاوکات لێکۆڵینەوەش دەکات لە بنەما تیۆری و پراکتیکییەکان بەمەبەستی گەیشتن بە دیاریکردنی کاریگەرییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی، بەدیاریکراوی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاسایشی زانیاریی جا بەڕووە ئەرێنییەکەی بێ لە پاڵپشتیکردن لە ئاسایشی زانیاریی، یان رووە نەرێنییەکەی بە دروستکردنی مەترسی و ئاڵەنگاری لەسەر ئاسایشی سایبرانی و ئاسایشی تاک و کۆمەڵگە.

## 2- میتۆدنامەی توێژینەوە

### 2-1- کێشەی توێژینەوە

پەرەسەندنی خێرای بەکارهێنانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لە هەرێمی کوردستان، وەک ناوەندێک بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بڵاوکردنەوەی زانیاریی، و چالاکییە ئابووری و سیاسییەکان، هاوکات بووە لەگەڵ زیادبوونی مەترسیەکانی ئاسایشی زانیاریی لە ئاستە جیاوازەکاندا، ئەم مەترسیانە لە دزەپێکردنی سایبەر(Cyber Intrusion) ، بەکارهێنانی نادروستی داتای کەسی، و بڵاوکردنەوەی زانیارییە ساختەکان(Disinformation) ەوە بگرە تا هەڕەشە لەسەر سەقامگیری کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی دەگرێتەوە. سەرەڕای ئەوە، کەمی لێکۆڵینەوە زانستییەکان لەسەر ئەم دیاردەیە لە هەرێمی کوردستان، کە تایبەتمەندی کەلتووری، تەکنەلۆژی، و سیاسی خۆی هەیە، بۆشاییەکی زانستی دروست کردووە کە پێویستی بە شیکارکردنە. کێشەی سەرەکی لێرەدا لە نەبوونی داتا و چوارچێوەیەکی ئەزموونی (Empirical) دیاریکراوە، کە بتوانێت کاریگەرییەکانی سۆشیاڵمیدیا لەسەر ئاسایشی زانیاریی لەم هەرێمەدا بە شێوەیەکی دیاریکراو و شیاو بۆ پێوانەکردن بسەلمێنێت. لیرەوە کێشەی سەرەکی توێژینەوە بریتییە لە پرسیارێکی بنەرەتی، کە پەیوەستە بە کاریگەرییەکانی سۆشیاڵمیدیا بە پلاتفۆرمە جیاوازەکانییەوە لەسەر ئاسایشی زانیاریی لە هەرێمی کوردستان، ئەم پرسیارە بنەرەتییە دەرگا بۆ کۆمەڵێک پرسیاری دیکە دەکاتەوە کە توێژینەوە هەوڵی وەڵامدانەوەیان دەدات.

### 2-2- پرسیارەکانی توێژینەوە

بەپشت بەستن بە کێشەی توێژینەوەکە دەتوانین ئەو پرسیارانەی خوارەوە دەستنیشان بکرێت:

1- چ شێوازێک و بۆ چ مەبەستێک رۆژنامەنووسان تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لە کارەکانیاندا بەکاردەهێنن؟

2- رۆژنامەنووسان چ جۆرە هەڕەشە و پێشێلکارییەکی ئاسایشی زانیاریی لە ئەنجامی بەکارهێنانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیادا رووبەڕوویان دەبێتەوە؟

3- تا چ رادەیەک رۆژنامەنووسان هۆشیاری و زانیارییان سەبارەت بە پاراستنی ئاسایشی زانیارییەکانیان لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیادا هەیە؟

4- بۆ بەرگریکردن و بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی ئاسایشی زانیاریی لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیادا رۆژنامەنووسان

چ ڕێکار و ستراتیژێک پەیڕەوی دەکەن و تا چەند کاریگەرن؟

5- چ مۆدێل و ڕێکارێکی کاریگەر و گونجاو بۆ باشترکردنی ئاسایشی زانیاریی ڕۆژنامەنووسان لە بەکارهێنانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیادا پێشنیار دەکرێت؟

### 2-3- گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە هەڵوەستە لەسەر بابەتێکی یەکجار گرنگ دەکات، کە پەیوەستە بە میدیای دجیتاڵی و بەدیاریکراوی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا و پەیوەندی لەگەڵ ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەڕووی کاریگەریی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لەسەر ئاسایشی زانیاریی، بەوپێیەی ئەم پرسە گرێدراوی ئەزموونی کاری میدیاییە بەڕووە گشتییەکەی لەفەزای گشتی پەیوەندیکردندا، بۆیە یەکڕاست لێکەوتەی لەسەر ئاسایش و تەناهی کۆمەڵگەیی دەبێت. ئەنجام و دەرئەنجامەکانیشی هاریکاردەبن لە دەسنیشانکردنی چارەسەری و میکانیزمەکانی فەراهمکردنی ژینگەیەکی دروستی زانیاریی گۆڕینەوە و پەیوەندیکردن لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیادا کە زامنی ئاسایشی زانیاریی تاک و کۆمەڵ بکا و ئاسایشی ئەلیکترۆنی دەستەبەر بکات.

گرنگیەکی دیکەی ئامانج و دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا بەرجەستەدەکات، کە بیروبۆچوونی ڕۆژنامەنووسان دەربارەی کاریگەریی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لەسەر ئاسایشی زانیاریی لە هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو، و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکات. گرنگیە زانستییەکانی ئەم توێژینەوە هەر ئەوەندە نین، دیاریکردن و شرۆڤەکردنی واقیعی ئاسایشی زانیاریی لە هەرێمی کوردستان لە فەزای گشتیدا بەبەکارهێنانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا و کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی زانیاریی بەهای زانستی خۆی دەبێ، بەوپێیەی توێژینەوە هەڵسەنگاندن و شرۆڤە و ڕاستکردنەوە بۆ پرسی ئاسایشی زانیاریی لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا دەکات، بە ئامانجی ئاڕاستەکردنی ئەم پرسە گرنگە رووە و ڕێگەی ڕاست، بەپشبەستن بە ئەنجام و دەرئەنجامە وەدەستهاتووەکان.

### 2-4- ئامانجی توێژینەوە

توێژینەوە هەوڵی گەیشتن بەچەند ئامانجێکی دیاریکرا و دەدات کە هەڵقوڵاوی کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە و پرسیارەکانی بێ، دیارترین ئامانجەکان لەمانە پوختدەکەینەوە:

1- دیاریکردنی شێواز و مەبەستەکانی بەکارهێنانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە لەکاری ڕۆژنامەوانیدا.

2- ناسینەوە و پۆلێنکردنی جۆرەکانی هەڕەشە و پێشێلکارییەکانی ئاسایشی زانیارییە کە ڕۆژنامەنووسان لە کاتی بەکارهێنانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیادا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

3- هەڵسەنگاندنی ئاستی هۆشیاری و زانیاریی ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بە ڕێکارەکانی پاراستنی ئاسایشی زانیارییەکانیان لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیادا.

4- شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ڕێکار و ستراتیژە پەیڕەوکراوەکان لەلایەن ڕۆژنامەنووسان بۆ پاراستنی خۆیان لە هەڕەشەکانی ئاسایشی زانیاریی لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیادا و دیاریکردنی ڕادەی کاریگەرییان.

5- دیزاینکردن و پێشنیارکردنی مۆدێل و ڕێکاری کاریگەر و گونجاو بۆ باشترکردنی ئاسایشی زانیاریی ڕۆژنامەنووسان لە کاتی بەکارهێنانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیادا.

### 2-5- چەمکەکانی توێژینەوە

#### 2-5-1 کاریگەریی

بریتییە لە هەر جۆرە کاردانەوەیەک، گۆڕانکارییەک، یان دەرئەنجامێک، کە لە ئەنجامی کارلێکی دیاریکراو، هۆکارێک، یان دیاردەیەکەوە ڕوودەدات و کاریگەریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی لەسەر بابەت، کەس، سیستەم، یان ژینگەیەکی دیاریکراو دەبێت، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو.

#### 2-5-2 سۆشیال میدیا

پلاتفۆرمێکی دیجیتاڵیە کە دەرفەتی پەیوەندی و کارلێک لە نێوان بەکارهێنەراندا دابین دەکات، بەجۆرێک کاریگەرییەکانی

قوڵ دەبێتەوە نێو ڕەفتار و کرداری بەکاربەر، بەشێوەیەک بەردەوام ناوەڕۆکی بەکارهێنەران وەردەگرێت و ئامادەی دەکات، و بەپێی ڕێکخستنەکانی خۆی بۆ ئامانجی دیاریکراو بەشی دەکاتەوە، لە ئەنجامدا کارلێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان بەکارهێنەراندا دروست دەکات.

### 2-5-3 ئاسایشی زانیاری

بریتییە لە کۆمەڵێک هەنگاو، ڕێکار، و کارپێکردنە سیستماتیکەکان کە مەبەست لێی دەستنیشانکردن، پاراستن، بەدواداچوون، و وەڵامدانەوەیە بۆ مەترسی و هەڕەشەکانی ئاسایشی زانیاریی لەسەر تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا.

### 2-6- توێژینەوەکانی پێشوو

2-6-1- توێژینەوەی (الوادعي، 2016) بەناونیشانی (وسائل التواصل الاجتماعي وأثرها على الأمن الفكري من وجهة نظر طلبة المرحلة الثانوية ومعلمي العلوم الشرعية بمنطقة عسير) ، (تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و کاریگەیان لەسەر ئاسایشی هزری لەڕوانگەی قوتابیانی قۆناغی ناوەندی و مامۆستایانی زانستە شەرعییەکان لەناوچەی عەسیر).

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوو لەسەر ئاسایشی هزری. لە ڕوانگەی قوتابیانی ئامادەیی و مامۆستایانی زانستە ئیسلامییەکان لە ناوچەی عەسیر. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەسفکردن بەستووە و ئامرازی پرسیارنامەی بەکارهێناوە. بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان، توێژینەوەکە لە شارەکانی (ئەبها و خەمیس موشەیت) لە ناوچەی عەسیر کاری پێکرا. نمونەیەک لە (100) قوتابی و مامۆستای زانستە ئیسلامییەکان وەرگیراوە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی. توێژینەوەکە لە کۆتایدا بە کۆمەڵێک ئەنجام گەیشتوو(الوادعي، 2016: 15):

1- تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا بەشداری کردووە لە فێربوونی کولتوری گەلانی دیکە، ئەمەش یارمەتیدەرە لە هاوئاهەنگی و پێکەوەژیان لەگەڵ ئەوانی تردا، هەروەها بەشداری کردووە لە خێرایی پەیوەندی نێوان تاکەکان لە وڵاتە جیاوازەکاندا، لە بەرامبەردا بەشداری کردووە لە پێشێلکردنی تایبەتمەندی کەسانی دیکە لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنە سیخوڕییەکانەوە.

2- ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە کە پلەی بەشداریکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێشخستنی بەهاکانی هاووڵاتیبوون و بەرپرسیارێتی نیشتمانی کەم بووە و هەروەها پێشێلکردنی تایبەتمەندیی کەسانی تر لە ڕێگەی سیخوڕییە ئەلیکترۆنییەکانەوە.

2-6-2- توێژینەوەی (بنی صالح، 2021) بەناونیشانی: (أهمية وسائل التواصل الاجتماعي وتأثيرها على الأمن المجتمعي والوطني في الأردن) ، (گرنگی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەریان لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی ئوردن).

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی دیاریکردنی گرنگی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی لە ئوردن بووە. لێکۆڵینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەسفیی ئەو کاریگەرییە بەستووە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت لەسەر ئاسایشی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی هەیبێ وەکو: (زانیاریی هەڵە، هەڕەشە، هاککردنی دارایی)، توێژەر لە توێژینەوەکەی (107) فۆرمی بەسەر لێتوێژەران دابەشکردووە، توێژەر بەو ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە(بنی صالح، 2021: 25):

1- ئامانجی لێکۆڵینەوەکە دیاریکردنی کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگە.

2- نەبوونی هۆشیاری لەبواری تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئاسایشی زانیاریی تاک دروست کردووە.

### 2-7- هەڵسەنگاندن و سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەی پێشوو (Literature Review) بەشێکی گرنگ و بنەڕەتی هەر توێژینەوەیەکی زانستییە کە بریتییە لە پێداچوونەوە و شیکردنەوەی کۆمەڵێک لە توێژینەوە، ئەم بەشە ڕێگە بە توێژەر دەدات تا بزانێت چی لەسەر بابەتەکەی نووسراوە، چ بۆشاییەک لە زانیاریی‌دا هەیە، و چ پرسیارێک وەڵام نەدراوەتەوە. توێژینەوەی پێشوو نەک تەنها کۆکردنەوەی سەرچاوەکانە، بەڵکو شیکردنەوە، بەراوردکردن، و هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی ئەو توێژینەوانەیە کە لە چوارچێوەی بابەتەکەدا جێگیرن. ئەم پرۆسەیە یارمەتی توێژەر دەدات تا شوێنی توێژینەوەکەی خۆی لەنێو زانستەکەدا

دیاری بکات، گرنگی و نوێی کارەکەی بسەلمێنێت، و بنەمایەکی پتەو بۆ چوارچێوەی تیۆری و میتۆدۆلۆژی دابنێت.

توێژینەوەکانی پێشوو لە بواری کاریگەریی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لەسەر ئاسایشی زانیاریی بنچینەیەکی پتەو و فراوانیان دابین کردووە کە ئەم توێژینەوەیە لەسەری بنیاد نراوە. لە ئاستی ناوچەیی و عەرەبیدا، توێژینەوەی (الوادعي، 2016) بە ناونیشانی (وسائل التواصل الاجتماعي وأثرها على الأمن الفكري من وجهة نظر طلبة المرحلة الثانوية ومعلمي العلوم الشرعية بمنطقة عسير) ڕوونی کردووەتەوە کە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا دوو ڕووی جیاوازی هەیە، لەیەکلایەن یارمەتیدەر بووە لە فێربوونی کولتوری گەلانی دیکە و خێرایی پەیوەندییەکان، بەڵام لەلایەکی تر بەشداری کردووە لە پێشێلکردنی تایبەتمەندی کەسانی دیکە لە ڕێگەی سیخوڕییە ئەلیکترۆنییەکانەوە و کەمکردنەوەی بەهاکانی هاووڵاتیبوون و بەرپرسیارێتی نیشتمانی. هەروەها توێژینەوەی (بنی صالح، 2021) بە ناونیشانی (أهمية وسائل التواصل الاجتماعي وتأثيرها على الأمن المجتمعي والوطني في الأردن) ئاماژەی بۆ ئەو کردووە کە نەبوونی هۆشیاری لە بواری تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئاسایشی زانیاریی تاک دروستکردووە، بەتایبەتی لە ڕووی بڵاوبوونەوەی زانیاریی هەڵە، هەڕەشە، و هاککردنی داراییەوە. ئەم دوو توێژینەوەیە چوارچێوەیەکی تیۆری و میتۆدۆلۆژییان پێشکەش کردووە بۆ ئەم توێژینەوەیە، بەتایبەتی لە بواری بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی و ئامرازی پرسیارنامە بۆ کۆکردنەوەی داتا لە نمونەیەکی هەڕەمەکی. لە هەمان کاتدا، ئەنجامەکانیان ڕێنمونیان داوە بۆ لێکۆڵینەوە لە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا و گرنگی خستوونەتە سەر پێویستی هۆشیارکردنەوە و فێرکردنی بەکارهێنەرانی کۆمەڵگە. بەمەش، ئەم توێژینەوەیە سوودی لەم دوو توێژینەوەیە وەرگرتووە بۆ دیاریکردنی کەلێنەکانی زانیاریی، و لە ڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدی هاوشێوەوە، هەوڵی داوە کاریگەریی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لەسەر ئاسایشی زانیاریی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە شێوەیەکی ورد و زانستی بخاتە ژێر لێکۆڵینەوە.

### 2-8- تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

### 2-8-1- توێژینەوەی (الوادعي، 2016)

ئامانجی سەرەکی لە دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاسایشی هزری لە ڕوانگەی قوتابیانی ئامادەیی و مامۆستایانی زانستە ئیسلامییەکان بووە. بەڵام توێژینەوەی ئامانجی (بۆتان)دیاریکردنی شێوازەکانی بەکارهێنانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا، ناسینەوەی جۆرەکانی هەڕەشەکان، هەڵسەنگاندنی ئاستی هۆشیاری ڕۆژنامەنووسانە. هەردوو توێژینەوەکە پشتیان بە میتۆدی وەسفی بەستووە.

توێژینەوەی (الوادعي) کۆمەڵەی توێژینەوەکەی لە قوتابیانی ئامادەیی و مامۆستایانی زانستە ئیسلامییەکان لە ناوچەی عەسیر پێکهێناوە، کە تایبەتمەندی پەروەردەیی و ئایینی هەیە. بەڵام توێژینەوەی (بۆتان) کۆمەڵگەکەی لە دەزگا و دامەزراوە میدیاکانی هەرێمی کوردستان پێکهێناوە، کە تایبەتمەندیەکی پیشەیی و میدیایی هەیە و فراوانترە لە ڕووی بوارەوە. (الوادعي) لە توێژینەوەکەی نموونەیەکی بچووکتری بەکارهێناوە کە تەنها (100) کەس بووە و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون. لەبەرامبەردا، توێژینەوەی (بۆتان) نموونەیەکی گەورەتری بەکارهێناوە کە (371) ڕۆژنامەنووس دەگرێتەوە و بە شێوازی نموونەی هەڵبژاردنی مەبەستدار هەڵبژێردراون.

خاڵی لێکچووی هەردوو توێژینەوەکە گرنگی بە کاریگەرییەکانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لەسەر ئاسایشی زانیاریی و هزری دەدەن. هەردووکیان میتۆدی وەسفی بەکارهێناون و پشتیان بە پرسیارنامە بەستووە. هەروەها هەردووکیان ئاماژە بە کاریگەرییە دوولایەنەکانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا دەکەن، واتە هەم لایەنی ئەرێنی و هەم لایەنی نەرێنی. خاڵە جیاوازەکانی توێژینەوە، یەکەم جیاوازی لە ناونیشانی توێژینەوەکاندایە، چونکە توێژینەوەی (الوادعي) گرنگی بە ئاسایشی هزری دەدات، بەڵام توێژینەوەی (بۆتان) گرنگی بە ئاسایشی زانیاریی دەدات. دووەم، کۆمەڵەی توێژینەوە جیاوازە، چونکە یەکەم لەسەر قوتابی و مامۆستایان کاری کردووە، دووەمیش لەسەر ڕۆژنامەنووسان.

ئەنجامەکانی توێژینەوەی (الوادعي) دوو لایەنی سەرەکی خستۆتەڕوو، بەشێوەیەک بەشداریکردنی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لە فێربوونی کولتوری گەلانی دیکە و خێراکردنی پەیوەندییەکان، و بەشداریکردنی لە پێشێلکردنی تایبەتمەندی کەسانی تر. ئەنجامەکانی توێژینەوەی (بۆتان) فراوانتر بوون و کاریگەرییەکی دوولایەنەی تۆڕەکانی

سۆشیاڵمیدیای خستۆتەڕوو، کە لەلایەک دەرفەت دابین دەکەن بۆ دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی زانیاریی، لەلایەکی دیکەشەوە مەترسی لەسەر کوالیتی زانیارییەکان دروست دەکات.

### 2-8-2- تاوتوێی توێژینەوەی (بنی صالح)

هەردوو توێژینەوەکە ئامانجی هاوبەشیان هەیە کە پەیوەستە بە لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لەسەر ئاسایشی زانیاریی و کۆمەڵایەتی. توێژینەوەی (بنی صالح) ئامانجی گشتی زیاتری هەیە و تیشک دەخاتە سەر کاریگەرییەکان لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی لە ئوردن، لەکاتێکدا توێژینەوەی (بۆتان) ئامانجی تایبەتی و ورد زیاتری هەیە کە تەنها لەسەر ئاسایشی زانیاری لە هەرێمی کوردستان جەخت دەکاتەوە و بە تایبەتی ڕۆژنامەنووسان وەک نموونەی توێژینەوە دەناسێنێت. لەڕووی ڕێبازی توێژینەوەوە، هەردوو توێژینەوەکە پشتیان بە ڕێبازی وەسفی بەستووە. توێژینەوەی (بنی صالح) میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا، لەحاڵێکدا توێژینەوەی (بۆتان) هەمان ڕێبازی وەسفی بەکارهێناوە بەڵام زیاتر پشت بە میتۆدی ڕاپرسی بەستووە. هەردووکیان ئامانجی وەسفکردن و شیکردنەوەی دیاردەکانیان هەیە بەبێ دەستکاری کردنیان.

لەڕووی کۆمەڵەی توێژینەوە، جیاوازی بەرچاو لەنێوان هەردوو توێژینەوەکەدا هەیە. توێژینەوەی (بنی صالح) کۆمەڵەی گشتی لە ئوردن وەک کۆمەڵەی توێژینەوە هەڵبژاردووە، لەکاتێکدا توێژینەوەی بۆتان کۆمەڵەیەکی تایبەتی و دیاریکراوی هەڵبژاردووە کە بریتییە لە دەزگا و دامەزراوە میدیاکانی هەرێمی کوردستان. ئەم جیاوازییە دەریدەخات کە یەکەم توێژینەوە ڕوانینی گشتی هەیە، دووەمیان ڕوانینی پیشەیی و تایبەتی هەیە.

لە نموونەی توێژینەوە (بنی صالح) تەنها (107) فۆرمی بەسەر بەشداربووان دابەشکردووە، کە ڕەنگە لە گشت خەڵکی ئوردن بێت، بەڵام (بۆتان) نموونەیەکەی پێکدێت لە (371) ڕۆژنامەنووسی کارا و شارەزا لە هەرێمی کوردستان. هەروەها شێوازی نموونە هەڵبژاردنی مەبەستداری بەکارهێناوە کە پیشەیی زیاترە.

توێژینەوەکە لەسەر ئەوە کۆک دەبن کە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی زانیاریی هەیە، پێویستی بە هۆشیاری زیاتر و ستراتیژی کاریگەر هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسییەکان، هەردووکیان ڕێبازی وەسفیان بەکارهێناوە، و جەختیان لەسەر گرنگی پاراستنی ئاسایشی زانیاریی کردۆتەوە، هەروەها پێشنیازی چارەسەر و ستراتیژی باشتر دەدەن. جیاوازییە سەرەکییەکان بریتین لەنموونەی توێژینەوە (خەڵکی ئاسایی بەرامبەر پیشەیی تایبەت)، ورد بوونەوە لە ئامانج (گشتی بەرامبەر تایبەتی)، و ئاستی تایبەتمەندی توێژینەوە (گشتی بەرامبەر پیشەیی). توێژینەوەی (بۆتان) وردتر و پیشەیی ترە و ئامانجەکانی زیاترە، لەکاتێکدا توێژینەوەی (بنی صالح) ڕوانینی گشتی و فراوانتری هەیە.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکان هاوشانن بە جۆرێک پشتگیری یەکتر دەکەن. توێژینەوەی (بنی صالح) ئەوەی دەرخستووە کە نەبوونی هۆشیاری لە بواری تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی زانیاریی دروست کردووە. هەر بەو شێوەیەش توێژینەوەی (بۆتان) دەریخستووە کە ڕۆژنامەنووسان بە شێوەیەکی ئاگادارانە ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی سۆشیاڵ میدیا نابنەوە و پێویستیان بە ستراتیژی کاریگەرتر هەیە.

## 3- لایەنی تیۆری توێژینەوە

### 3-1- تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا

ئینتەرنێت تۆڕێکی فراوانە، تەنها ئامرازێکی پەیوەندیکردن نییە، بەڵکو بەهۆی پانتایی و کرانەوەی بێکۆتاییەوە(عەبدوڵڵا، 2010. 25)، بووەتە کۆگایەک بۆ ملیۆنان بەڵگەنامە و تۆمار و داتای بەردەست. تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لەم ساڵانەی دواییدا لە جیهاندا زیاتر بەربڵاوتر و بەکارهێنراون. تایبەتمەندن بەوەی کە پرۆسەیەکی پەیوەندیکردنن کە لە ڕێگەی پراکتیکەکانی گەیاندنەوە و بەهۆی ئینتەرنێتەوە ڕوودەدات لەلایەن بەکارهێنەرانەوە کە بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی و خۆبەخشانە بلۆگ دەکەن و لە هەموو بەشەکانی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە(نەزاکەت، 2022. 23)، ئەوانیش زۆربەیان! لە ئینتەرنێتدا ناسنامە و کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆیان ئاشکرا ناکەن و ناچنە ژێر سانسۆری تەکنیکی دامەزراوەییەوە،

ئەویش بەهۆی نەبوونی پاسەوان لەم تۆڕەدا، ئەمەش ڕێگە بە ئازادییەکی زیاتر (العابد. 2020: 20).

سۆشیاڵمیدیا لە زمانی ئینگلیزیدا (Social Media) میدیا بەو بەرنامە یان پلاتفۆرمانە پێناسە دەکرێت کە لە ڕێگەی کۆمپیوتەر یان مۆبایلە زیرەکەکانەوە ئینتەرنێت بەکاردەهێنن بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان بەکارهێنەران. هەروەها ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و زانیارییەکانیان. تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا گەیشتن بە ناوەڕۆکە ئەلیکترۆنییەکان بۆ بەکارهێنرانی دەستەبەر دەکات کە جۆرە جیاوازەکانی زانیاریی، بەڵگەنامە و وێنە و ڤیدیۆ لەخۆ بگرێت(عبد الله، 2023: 41).

ڕێکارە دروستەکانی بەکارهێنانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا چەندین لایەنی گرنگی لەخۆدەگرێت، کە گرنگترینیان، پاراستنی تایبەتمەندی، دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی زانیارییەکان، و بەکارهێنانی بە بەرپرسیارەتییە. پێویستە بەکارهێنەران وریا بن لە هاوبەشکردنی زانیاریی کەسی، پشتڕاست بکەنەوە لە ڕاستی هەواڵەکان پێش بڵاوکردنەوە، و بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ کەسانی تر بکەن(سلیم، 2005: 337):

یەکەم: پاراستنی تایبەتمەندی و ڕێکخستنی تایبەتمەندی لە هەموو تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا و سنووردارکردنی هاوبەشانی پلاتفۆرمەکە و پێداچوونەوەی ڕێکخستنەکان بە بەردەوامی بۆ دڵنیایی لە پاراستن.

دووەم: دوورکەوتنەوە لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەستیار وەک، ژمارەکانی مۆبایل، ناونیشانی ماڵەوە.

سێیەم: وریابوون لە کاتی بەکارهێنانی ئەپەکان کە پێویستیان بە دەستگەیشتن بە زانیاریی کەسییە و دڵنیابوون لە متمانەپێکراوی بەرنامەکان و خوێندنەوەی مەرجەکانی بەکارهێنان و سیاسەتی تایبەتی.

چوارەم: پشتڕاستکردنەوەی ڕاستگۆیی هەواڵ و زانیارییەکان.

### 2-3- تایبەتمەندیەکانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا

تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا چەندین تایبەتمەندی هەیە لەوانە:

1- ئامرازێکی نموونەییە بەکاردێت بۆ ڕاپرسی و پێوانەکردنی بۆچوون لە ڕێگەی ئەو ئەرکانەی کە پێشکەشی دەکات، وەکو چۆن هەر بەکارهێنەرێکی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا دەتوانێت هەر بابەتێک بخاتە بەردەم دەنگدان، و ڕێژەی سەدی پشتیوانی و دژایەتی بۆ ئەو بابەتە بەدەستبهێنێت لە ڕێگەی وەڵامی ڕاستەوخۆی ڕێژەی بەرفراوانی بەکارهێنەرانەوە کە دەیانەوێت بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەو بابەتە دەرببڕن.

2- بەشدارە لە قووڵکردنەوە و پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان بەکارهێنەران. زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە تاکەکان هەوڵدەدەن پەیوەندییە ڕاستەقینەکانی ژیانی خۆیان لەگەڵ ناسیاوەکانیان لەم ڕێگایەوە بەهێز بکەن، وەک دۆستان و هاوڕێیان و خزمان، لە ڕێگەی ئەو سوودە تەکنەلۆژییانەی کە ئەم تۆڕانە پێشکەشی دەکەن. تاکەکان خۆستیان هەیە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا بەکاربهێنن بۆ ئەوەی لە پەیوەندیدا بمێننەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پێشتر ناسیویانن، وەک تەواوکەرێک بۆ پەیوەندییە ڕووبەڕووەکان سەیریان دەکەن، نەک وەک جێگرەوەیەک(راضي و التميمي، 2020: 43).

3- تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا ڕێگایەکی کەم تێچووە بۆ بەستنەوەی ئەو کەسانەی کە بەرژەوەندی و خولیای هاوبەشیان هەیە، هانیان دەدات بۆ پەیوەندیکردن و دواتر هەنگاو بۆ ئەو بەرژەوەندییانە بگرنەبەر.

4- زیادکردنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، بەهۆی ئاسانکاری و فراوانی پانتایی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا بۆ تاکەکان، جا هاوڕێ ڕاستەقینە بێت یان هاوڕێی گریمانەیی (ضيف الله، 2012: 20).

5- یارمەتیدەرە لە پرۆسەی جووڵەی کۆمەڵایەتی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئێستا ڕێکخراو و ئۆرگانە ناوخۆییەکان و بزووتنەوە سیاسییەکان و دامەزراوەکانی دیکە ڕێگەیان هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەکانیان لە ڕێگەی ئەم تۆڕانەوە، بە سوودوەرگرتن لە بنکەی فراوانی هەواداران و بەکارهێنەران.

6- بەشدارە لە تێپەڕاندنی بەربەستی کات و شوێن لە نێوان تاکەکاندا، بەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ پرۆسەی پەیوەندی و هاوکاری و ئاڵوگۆڕی زانیاریی لە نێوان تاکەکاندا لە شوێنە جیاوازەکاندا، جا چ نزیک بێت یان دوور، هەورەها لە کاتە گونجاوەکاندا.

7- ئاسانکاری دەکات بۆ گواستنەوەی زانیاریی و بڵاوکردنەوەی بۆچوون و بیروڕاکان، هەروەها کۆکردنەوەی پشتیوانی

و ڕێکخستنی کۆبوونەوە و نارەزایەتی بەشێوەیەکی خێرا و کارا. (العابد، 2020: 34).

### 3-3- پەیوەندی نێوان تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا و ئاسایشی زانیاریی

لە سەردەمی دیجیتاڵی ئەمڕۆدا، ئینتەرنێت لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا گرنگییەکی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی سەردەمی دیجیتاڵی، کە لە زۆرێک لە وڵاتاندا گۆڕانکاری ڕیشەیی بەخۆیەوە بینیوە. لە ئێستادا گرنگیدان بە ڕۆڵ و کاریگەریی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لە بواری میدیادا پەرەدەستێنێت. گۆڕانکاریی لە ڕۆڵی دەزگا ڕاگەیاندنانەدا ڕوویداوە، هەروەها تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا تەنها پلاتفۆرمێک بۆ پەیوەندیکردن و پێکهێنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ئامرازێک کە دەتوانرێت لەلایەن گروپ و تاکە کەسیەوە هەڵبقۆزرێتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بە کاریگەریکردن لەسەر ڕای گشتی و هەڵوێست و بیرۆکەی تاکەکان (Jones، 2016: 97)

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا سنووری نێوان تاکەکان کاڵ بووەتەوە، بیرۆکە و بیروباوەڕ ئاڵوگۆڕ کراوە. ئەم تۆڕانە وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندیکردن دەستیان پێکرد، بەڵام بە خێرایی پەرەیانسەند و بوونە ئامرازێکی کارلێککردن و ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکان.

### 4-3- ئاسایشی زانیاریی


پرسی ئاسایشی زانیاریی پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە ئاسایشی ئەلیکترۆنی. ئاسایشی زانیاریی بوونی نییە ئەگەر ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەبەرچاو نەگیرێت. لەبەر ڕۆشنایی پێشهاتە خێراکانی جیهان کە کاریگەرییان لەسەر توانا تەکنیکییە پێشکەوتووەکانی ئێستادا هەیە، جا سەبارەت بە پێشێلکردنی سیستەمی کۆمپیوتەری بێت یان دزین یان تێکدانی زانیاریی یان لەناوبردنی زانیارییەکان بێت، پێویست بوو بیرکردنەوەیەکی جدی بکرێت بۆ دیاریکردنی ڕێوشوێنی بەرگری و خۆپارێزی بەپێی توانا بەردەستەکان بۆ پاراستنیان لە هەر پێشێلکارییەک یان تێکدانێک(عومەر، 2017. 22). بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکان دەبوو بەرپرسیارێتی دڵنیابوون لە دروستکردنی ژینگەیەکی پارێزراو بۆ زانیارییەکان دەستەبەر بکات و ئەرکی پاراستنیان لە ئەستۆ بگرێت. پەرەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیا، زیادبوونی کێشە تەکنیکییەکان، گۆڕانی ڕووداوە ژینگەییەکان، لاوازی مرۆڤ، و نەگونجاوی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی ئێستا بۆ گۆڕانکارییە خێراکان ...هتد هەروەها هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر سیستەمەکانی زانیاریی لە هەردوو لایەنی کردار و ڕەفتاری مەبەستدار و بێ مەبەست کە ڕەنگە لە سەرچاوەی ناوخۆیی یان دەرەکییەوە بێت، لە ڕووداوی کتوپڕ یان ڕووداوی بچووکەوە دەست پێدەکات کە دەبێتە هۆی ناکارایی چاوەڕوانکراوی (محمد ، 2006: 29).

هەموو ئەم خاڵانە پێکەوە سیستەمێکی تەواوی پاراستن پێک دەهێنن کە پێویستە بە یەکەوە بەکاربهێنرێن. گرنگترین شت ئەوەیە کە هەمیشە ئاگاداری مەترسیەکان بین و بە شێوەیەکی هۆشیارانە لە ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای نوێ کەڵک وەربگرین(محمد، 2013. 116). چەند ڕێگایەک هەیە کە بریتیە:

1. ڕێگاکانی پاراستنی ئەکاونت: کۆمەڵێک ڕێکار و بەرهەمی تەکنیکیە کە بۆ پاراستنی هەژماری دیجیتاڵی بەکارهێنەران لە دەستڕاگەیشتنی نایاسا و بەکارهێنانی نایاسا بەکاردەهێنرێن.
2. ناسینەوەی جۆری هێرش و فێڵ: بریتییە لە توانای شایستەی بەکارهێنەران بۆ ناسینەوە و دیاریکردنی جۆرە جیاجیاکانی هێرشی سایبەری و تەکنیکەکانی فڕاندن کە لە دژی ئەوان بەکاردەهێنرێن.
3. پاراستنی زانیاریی تایبەتی: بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێکار و بەرهەم بۆ پاراستنی زانیاریی کەسی و حەساسی تاکەکان لە کۆکردنەوە، بەکارهێنان، دابەشکردن و دەستڕاگەیشتنی نایاسا لەلایەن ناوەندە سێیەمەکانەوە.
4. بەکارهێنانی پرۆگرام و ڕێکارەکانی پارێزگاری: بریتین لە ئامراز و سۆفتوێرە تایبەتمەندەکان کە بۆ ئاشکراکردن، پێشگیری و لابردنی مەترسی سایبەری و پاراستنی سیستەم و زانیارییەکان.
5. ناسینەوەی زانیاریی ساختە: بریتییە لە توانای شایستە بۆ جیاکردنەوەی زانیاریی درووست و ڕاست لە زانیاریی ساختە و درۆ و ناڕاست(مولود، 2017: 18).
6. ناسینەوەی وێنە و ڤیدیۆی ناڕاست: بریتییە لە توانای تایبەت بۆ دیاریکردن و ئاشکراکردنی ئەو وێنە و ڤیدیۆیانەی کە بە شێوەی دیجیتاڵ دەستکاری کراون.

7. پاراستنی ئەرشیفی ئەلیکترۆنی: بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێکار و بەرهەم بۆ پاراستن، بەڕێوەبردن و دڵنیایی لە دەستکەوت و تەواوەتی بەڵگەنامە و فایلە دیجیتاڵییەکان.
8. خۆپارێزی لە هێرشەکانی پەکخستنی ماڵپەڕەکان.(عصام الفوال، 2020: 36).

**هێڵکاری ڕێگاکانی پاراستنی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا**




هێڵکاریەکە لەلایەن توێژەرەوە دروستکراوە

## 4- لایەنی کرداری توێژینەوە

### 4-1- دەستنیشانکردنی کۆمەڵەی توێژینەوە

کۆمەڵگای توێژینەوە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بریتییە لە هەموو ڕۆژنامەنووسانی کارا و چالاک لە هەرێمی کوردستان کە لە دەزگا میدیاییەکانی جۆراوجۆردا (تەلەڤیزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، ماڵپەڕە هەواڵییەکان، و میدیای دیجیتاڵ) کاردەکەن. بەجۆرێک لە ڕۆژنامەنووسانی هەردوو ڕەگەز کە بەرئەنجامی سروشتی کارەکەیان، ڕاستەوخۆ لەگەڵ تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا و تەکنەلۆژیای نوێی زانیاریی مامەڵە دەکەن و لە ڕووی پیشەییەوە پێویستیان بە زانیاریی دروست و دڵنیا هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان. بەپێی ئامارەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ژمارەی گشتی ڕۆژنامەنووسانی تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان لەخشتەی ژمارە (١) دیاریکراوە، کە لە سەرتاسەری پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، و دهۆک و هەڵەبجە تۆمارکراون، هەروەها ئەو ڕۆژنامەنووس و کارمەند و کادیرانە کە لەبواری میدیا و ئاسایشی زانیاریی کاردەکەن و لە ناوەندەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان چالاکن و بەردەستن.

### 4-2- دەستنیشانکردنی سامپڵی توێژینەوە

سامپڵی ئەم توێژینەوەیە لە ڕۆژنامەنووسانی کارا لە هەرێمی کوردستان پێکدێت کە لە میدیا جیاوازەکان (تەلەڤیزیۆن، ڕۆژنامە، پۆرتاڵە ئەلیکترۆنییەکان و تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا و دامەزراوە میدیا حکومییەکان) کاردەکەن. بۆ دەستنیشانکردنی نمونەی توێژینەوە، شێوازی نموونە هەڵبژاردنی مەبەستدار (Purposive Sampling) بەکارهاتووە، کە تایبەتە بە توێژینەوە چۆنایەتییەکان. لیستێک لە دەزگا و دامەزراوە میدیاییە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان دەستنیشان کراوە، لە هەر دەزگایەک بەپێی ڕێژەی بەردەستبوونی ڕۆژنامەنووسی هەڵبژێردراو کە ئەزموونی کاری میدیاییان هەبێت و بە شێوەی بەردەوام لەگەڵ تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا مامەڵە بکەن. کۆی گشتی نمونەکە (371) ڕۆژنامەنووس دەبێت کە نوێنەرایەتی وێرای تەمەن، ڕەگەز، و شوێنی کار دەکەن. ئەم ژمارەیە بەپێی سیستەمی مۆرگان یان خشتەی کریجسی و مۆرگان (Krejcie & Morgan Table) سیستەمێکە بۆ دیاریکردنی قەبارەی نمونە (Sample Size) لە توێژینەوەکاندا دیاریکراوە و پەسەند کراوە (Morgan,Krejcie، 1970: 607).

### 4-3- بواری توێژینەوە

جۆری توێژینەوەکە وەسفییە وەک یەکێکە لە میتۆدەکانی توێژینەوە هەژمار دەکرێت، بەشێوەیەک کار لەسەر کۆکردنەوە و شیکردنەوە داتاو زانیاریی‌یەکان دەکات و لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی ڕووپێوی بەکارهاتووە، کە لەبواری زانستە

مرۆڤایەتییەکاندا لە نێویشیان توێژینەوەکانی بواری ڕاگەیاندن وەکو ڕێبازێکی زانستی تۆکمە هەژمار دەکرێت.

١. بواری بابەتی: بواری ڕاگەیاندن

٢. بواری جوگرافی: پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە)

٣. بواری ماوە: 2025/1/1 تاوەکو 2025/3/31

٤. بواری مرۆیی: ڕۆژنامەنووسان

## 4-4- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی توێژینەوە

توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بەسەر (402) ڕۆژنامەنووس لەڕێگەی فۆرمی چاپ دابەشکرد و تەنها (371) فۆرم گرانەوە و بە ڕاستی و درووستی مانەوە، ئەو ڕێژە فۆرمە بە پشت بەستن بە ئامارێکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کوردستان لەتەواوی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان(6877) ڕۆژنامەنووس خۆیان تۆمارکردبوو، بەجۆرێک پارێزگای هەولێر(2779)ڕۆژنامەنووس، سلێمانی (2446) ڕۆژنامەنووس، دهۆک (1545) ڕۆژنامەنووس، هەڵەبجە (107) ڕۆژنامەنووس پێکهاتبوون. بەپشت بەستن بە سیستەمی مۆرگان بۆ دیاریکردنی قەبارەی نموونەی توێژینەوە (Morgan's Sample Size Table)دیاریکراوە، کە باس لەوە دەکات کە ئەگەر قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە (7000) کەس بوو، پێویستە (364) کەس وەربگیرێت(Krejcie & Morgan, 1970: 607) . توێژەر بە بەشت بەستن بە لایەنی ئاکاری و پرانسیپە ئەخلاقیەکان توێژینەوەی ئەنجامداوە. لە ڕێگەی پرۆگرامی (SPSS) وەشانی (26)ی بۆ شیکارکردنی زانیارییەکانی توێژینەوەکە بەکارهێنراوە.

**خشتەی ژمارە (1) Reliability بۆ پێنج تەوەر دیاریکراوە**

| تەوەرەکان | ژ.پرسیار | پ.الفا- کرۆنباخ |
|---|---|---|
| شێواز و مەبەستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا | 7 | 0.700 |
| هۆشیاری و هەڕەشە و پێشێلکارییەکانی ئاسایشی زانیاری لە سۆشیال میدیا | 6 | 0.654 |
| کاریگەری سۆشیال میدیا لەسەر ئاسایشی زانیاری لەهەرێمی کوردستان | 5 | 0.683 |
| ڕێکار و ستراتیژەکانی پارێزگاریکردن لە ئاسایشی زانیاری | 9 | 0.656 |
| پێشنیارەکان بۆ باشترکردنی ئاسایشی زانیاری لە سۆشیال میدیادا | 4 | 0.670 |
| **کۆی گشتی** | 27 | 0.672 |

خشتەی (1)دا دەردەکەوێت، بۆ دڵنیابوون لە پشتڕاستی و ڕادەی جێگیری فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە، تاقیکردنەوەی ئەلفا-کرۆنباخ بەکارهێنرا کە یەکێکە لە گرنگترین تاقیکردنەوە ئامارییەکان لە بواری توێژینەوە کەمی و کواڵیتیدا. ئەم تاقیکردنەوەیە ڕێگە دەدات بە توێژەر کە ئاست و پلەی هاوبەشی و یەکگرتنی پرسیارەکانی ئامرازەکە دیاری بکات، هەروەها دەری دەخات کە ئایا پرسیارەکان بە شێوەیەکی یەکگرتوو هەمان پێکهاتە یان خاسیەتی دیاریکراو دەپێوێن یان نا(Cronbach, 1951: 297).

ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی ئەلفا-کرۆنباخ بۆ هەموو پێکهاتەکانی فۆرمی ڕاپرسی، نرخێکی قبووڵکراو و پەسندکراوی لە ڕووی ئامارییەوە دەستکەوتووە. نرخی کۆی گشتی ئەلفا-کرۆنباخ بۆ تەواوی پرسیاری ئامرازەکە بریتییە لە ( α = 0.672)، کە ئەم نرخە لە مەودای قبووڵکراوی زانستیدایە و نزیکە لە ئاستی باشی پێشنیارکراو لەلایەن پسپۆڕان و ئەکادیمیەکانەوە. ئەم ئەنجامە پیشاندەری ئەوەیە کە پرسیارەکانی ئامرازەکە بە شێوەیەکی یەکگرتوو و هاوبەش کار دەکەن بۆ پێوانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی بابەتی توێژینەوەکە.

لە ڕووی زانستی و میتۆدۆلۆجیەوە، ئەم ئەنجامانە پاڵپشتی قایم و بەهێز دەدەن بە پشتڕاستی و متمانەپێکراوی ئامرازی پێوانی بەکارهێنراو لە توێژینەوەکەدا. بەو پێیەش دەتوانرێت دان بەوەدا بنرێت کە داتا و زانیاری وەرگیراو لە ڕێگەی ئەم ئامرازەوە، پشتیوانی زانستی و ئامارییەکی تەواوی هەیە و دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت بۆ دەرکردنی دەرەنجام و تایبەتمەندیە جۆراوجۆرەکان کە پەیوەندیان بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە.

## 5-4- ڕێکارەکانی لایەنی کرداری توێژینەوە

ڕەهەندێکی بنەڕەتیە کە تەواوی ئەو پرۆسـەی کردەیانە لە خۆ دەگرێت کە بۆ گەیشـتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە پێویسـتن. ئەم ڕەهەندە لە چەندین قۆناغی جیاوازدا جێبەجێ دەکرێت، کە هەریەکە لەوان تایبەتمەندی و پێداویسـتی خۆی هەیە. هەنگاوی یەکەم کە قۆناغی ئامادەکاری و دیزاینکردنە، بریتیە لە ئامادەکردنی ئامرازە پێوەرەکان کە گرنگترینیان دروسـتکردنی پرسـیارنامەیە بەشـێوەیەک بتوانێت ورد و دروسـت زانیارییەکانی پێویسـت بگۆڕێتەوە. هەروەها لەم هەنگاوەدا دیاریکردنی کۆمەڵگەی ئامانجدار و چۆنیەتی هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوە بە شـێوەیەکی زانستی ئەنجام دەدرێت.

لە هەنگاوی دووەمدا کە کەهەنگاوی کۆکردنەوەی داتایە، شـێوازەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ بەشـداربووان، و میکانیزمەکانی بەشـداریکردن، و ڕێکارەکانی وەرگرتنی زانیاریی بە شـێوەیەکی سیسـتماتیک و بەرێکوپێک جێبەجێ دەکرێت. ئەو هەنگاوە زۆر گرنگە چونکە کوالیتی داتاکان بە مەزنی پەیوەستە بە چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم کارەوە.

هەنگاوی کۆتایی کە کە هەنگاوی کارلێکردن و شـیکردنەوەیە، پشـت بەسـتن بە بەکارهێنانی بەرنامە ئامارییەکان، شێوازەکانی خستنەڕووی ئەنجامەکان بە شێوەی خشتە و گرافیک، و دەستنیشانکردنی پەیوەندی و ڕێکخستنەوەی لە نێو داتاکاندا لە خۆ دەگرێت.

خشتەی ژمارە (2) تایبەتمەندییە دیمۆگرافیەکانی بەشداربووان

| گۆڕاوەکان | بڕگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| تەمەن | 20-25ساڵ | 51 | 13.7% |
| | 26-31ساڵ | 86 | 23.2% |
| | 32-37ساڵ | 100 | 27.0% |
| | 38-43ساڵ | 79 | 21.3% |
| | 44-49ساڵ | 37 | 10.0% |
| | 50ساڵ زیاتر | 18 | 4.9% |
| ڕەگەز | نێر | 258 | 69.5% |
| | مێ | 113 | 30.5% |
| پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | پارێزگای هەولێر | 141 | 38.01% |
| | پارێزگای سلێمانی | 127 | 34.23% |
| | پارێزگای دهۆک | 79 | 21.29% |
| | پارێزگای هەڵەبجە | 24 | 6.47% |
| ئاستی خوێندن | سەرەتایی | 5 | 1.3% |
| | ئامادەیی | 46 | 12.4% |
| | دبلۆم | 116 | 31.3% |
| | بەکالۆریۆس | 164 | 44.2% |
| | ماستەر | 37 | 10.0% |
| | دکتۆرا | 3 | 0.8% |
| ساڵانی ئەزموونی کار | کەمتر لە ٥ ساڵ | 80 | 21.6% |
| | 6بۆ ١٠ ساڵ | 134 | 36.1% |
| | ١١ ساڵ و زیاتر | 157 | 42.3% |
| داهاتی مانگانە | کەمتر لە 1 ملیۆن | 206 | 55.5% |
| | 1-2ملیۆن | 155 | 41.8% |
| | 3-4ملیۆن | 8 | 2.2% |
| | لە 5 ملیۆن زیاتر | 2 | 0.5% |
| بواری سەرەکی کارکردن | سیاسی | 157 | 42.3% |
| | ئابووری | 24 | 6.5% |
| | کۆمەڵایەتی | 42 | 11.3% |
| | تەندروستی | 16 | 4.3% |
| | وەرزشی | 16 | %4.% |
| | کلتووری و هونەری | 22 | %5.% |
| | تەکنەلۆژیا وIT | 42 | 11.3% |
| | بواری تر | 52 | 14.0% |
| جـــۆری دامەزراوەی ڕاگەیاندن | ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی | 91 | %24.5 |
| | سۆشیال میدیا | 139 | %37.5 |
| | کەناڵی تەلەفزیۆنی | 212 | %57.1 |
| | وێستگەی ڕادیۆیی | 29 | %7.8 |
| | ئاژانسی هەواڵ | 26 | %7.0 |
| | ڕۆژنامەنووسی ئازاد (فریلانس) | 7 | %1.9 |
| | ڕێکخراوی ناحکومی یان مەدەنی | 12 | %3.2 |
| | ڕاگەیاندنی دامودەزگاکانی حکومەت | 25 | %6.7 |

– خشتەی (2) بەتایبەت پرسیاری تەمەنی نموونەی توێژینەوە، ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت لە تێگەیشتن لە ڕەوشت و هەڵوێستی جۆراوجۆری تاکەکان بەرامبەر بە کاریگەریی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لەسەر ئاسایشی زانیاریی، چونکە تەمەن دەتوانێت کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبێت لەسەر ئاست و جۆری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێی زانیاریی و پەیوەندی. ئەنجامەکانی شیکردنەوە ئەوە دەردەخەن کە بەرزترین ڕێژە لە بەشداربووان کەوتۆتە کۆمەڵەی تەمەنی (32–37 ساڵ) بە ڕێژەی (27.0%) و بە ژمارەیەکی (100) ڕۆژنامەنووس، کە ئەمە پیشاندەری ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵە تەمەنە بەرفراوترین نوێنەرایەتی لە نموونەی توێژینەوەکەدا هەیە. لە هەمان کاتدا، کۆمەڵەی تەمەنی (26–31 ساڵ) دووەم زۆرترین بەشداربووی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (23.2%) و ژمارەی (86) ڕۆژنامەنووس، ئەم دوو کۆمەڵە تەمەنە کە (26–37 ساڵ) دەگرێتەوە، بەپێکەوە (50.2%) لە کۆی گشتی بەشداربووان پێک دێنن، کە نیوەی نموونەی توێژینەوەکە دەخەنە بەرچاو و پیشاندەری ئەوەن کە ئەم توێژینەوەیە زۆربەی نوێنەرایەتی لە نەوەی مامناوەند و گەنجی ڕۆژنامەنووساندا هەیە. لە بەری پێچەوانەوە، کەمترین بەشداری لە کۆمەڵەی تەمەنی (50 ساڵ و زیاتر)ەوە بووە بە ڕێژەی تەنها (4.9%) و ژمارەی (18) ڕۆژنامەنووس، هەروەها کۆمەڵەی تەمەنی (44–49 ساڵ) بە ڕێژەی (10.0%) و کۆمەڵەی (38–43 ساڵ) بە ڕێژەی (21.3%) ئامارێکی نێوەندی لە بەشداریکردندا پیشاندەدەن.
لە ڕووی شیکردنەوەی ئاماری و میتۆدۆلۆجیەوە، ئەم دابەشبوونە تەمەنیە نوێنەرایەتێکی قەناعەتبەخش لە جۆراوجۆری تەمەنی لە کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووساندا پێشکەش دەکات. بەڵام پێویستە ئاماژە بە ئەوە بکرێت کە زۆربوونی بەشداربووان لە کۆمەڵە تەمەنە مامناوەند و گەنجەکاندا دەتوانێت کاریگەریی لەسەر گشتگیرکردنی ئەنجامەکان هەبێت، بە تایبەتی ئەگەر دەرەنجامی توێژینەوەکە بۆ تەواوی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسان بە جۆراوجۆری تەمەنەکانیانەوە گشتگیر بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم دابەشبوونە گونجاوە لەگەڵ سروشتی بابەتی توێژینەوەکە کە پەیوەندی بە تەکنەلۆژیای نوێ و میدیای کۆمەڵایەتیەوە هەیە، چونکە نەوەی گەنجتر و مامناوەند زۆرتر پەیوەندی لەگەڵ ئەم جۆرە تەکنەلۆژیانەدا هەیە و بەرامبەریشی زانیاریی و تواناییەکی زیاتریان لەم بوارەدا هەیە.
– خشتەکە دابەش بوونی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە لەسەر بنەمای ڕەگەز. لە کۆی گشتی (371) ڕۆژنامەنووسی بەشدار لە توێژینەوەکەدا، (258) ڕۆژنامەنووسیان پیاو بوون بە ڕێژەی (69.5%) لە کۆی گشتی نموونەکە، لە کاتێکدا ژمارەی ژنان (113) ڕۆژنامەنووس بووە بە ڕێژەی (30.5%). ئەم دابەشبوونە نابەرامبەرە لە ڕووی ڕەگەزەوە دەتوانێت گەیاندەی چەند ڕاستی و مەرجێکی جۆراوجۆر بێت کە پەیوەندیان بە سروشت و ڕێکخراوی کاری ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستانەوە هەیە. یەکێک لەو هۆکارانەی دەتوانێت ئەم ناهاوسەنگیە ڕوون بکاتەوە، ئەوەیە کە بواری ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستاندا، وەک زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە، هێشتا بە شێوەیەکی نائاسایی بەلای پیاوانەوە کزە، ئەمەش دەتوانێت بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی، کولتووری، و ئابووریەوە بێت کە کاریگەریی لەسەر ئامادەبوون و بەشداریکردنی ژنان لەم بوارەدا دەکات.
لە ڕووی شیکردنەوەی ئامارییەوە، ئەم جیاوازیە بەرچاوە لە دابەشبوونی ڕەگەز (39% جیاوازی لە نێوان پیاو و ژن) دەتوانێت کاریگەریی هەبێت لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، بە تایبەتی ئەگەر جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان ڕەوشت و هەڵوێستی پیاوان و ژناندا هەبێت بەرامبەر بە کاریگەریی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لەسەر ئاسایشی زانیاریی. لە ڕووی میتۆدۆلۆژی و ڕێکارەکانی توێژینەوە ئەوە دەردەخات کە ڕەگەز دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لە دیاریکردنی ئاست و جۆری هەستیاری و وریایی تاکەکان بەرامبەر بە هەڕەشەکانی ئاسایشی زانیاریی، هەروەها لە شێوازی بەکارهێنان و هەڵسەنگاندنی سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی زانیاریی لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا.
– خشتەکە دابەش بوونی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە لەسەر بنەمای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. زۆرترین بەشداری لە پارێزگای هەولێرەوە بووە بە ژمارەی (141) ڕۆژنامەنووس کە (38.01%) لە کۆی گشتی نموونەکە پێک دەهێنێت، کە ئەمە پیشاندەری ئەوەیە کە پایتەختی هەرێم بەرزترین نوێنەرایەتی لە نموونەی توێژینەوەکەدا هەیە. لە هەمان کاتدا، پارێزگای سلێمانی دووەم زۆرترین بەشداری لە خۆ گرتووە بە ژمارەی (127) ڕۆژنامەنووس و ڕێژەی (34.23%) بەشداربوون، پارێزگای دهۆک سێیەم زۆرترین بەشداری پیشان داوە بە ژمارەی (79)

ڕۆژنامەنووس و ڕێژەی (21.29%)، کە ئەمە نوێنەرایەتییەکی قەناعەتبەخش لەم پارێزگایەدا پیشان دەدات. لە کۆتاییدا، پارێزگای هەڵەبجە کەمترین بەشداری هەبووە بە ژمارەی (24) ڕۆژنامەنووس و ڕێژەی (6.47%) کە ئەمە دەتوانێت گەیاندەی ئەو ڕاستیە بێت کە بەهۆی قەبارە بچووکی ئەم پارێزگایە و کەمی ژمارەی دامەزراوە میدیاییەکانی، نوێنەرایەتی کەمتری لە نموونەکەدا هەیە.

لە ڕووی میتۆدۆلۆژی توێژینەوەیەوە، ئەم دابەشبوونە جوگرافیە دەرفەتێکی گرنگ بۆ شیکردنەوەی بەراوردکاری لە نێوان پارێزگاکاندا دەخاتەڕوو. دەتوانرێت بەراوردی لە نێوان پارێزگاکاندا بکرێت بۆ زانینی ئەوەی ئایا جیاوازی بەرچاو لە هەڵوێست و ڕەوشتی ڕۆژنامەنووساندا هەیە بەرامبەر بە کاریگەریی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لەسەر ئاسایشی زانیاریی، یان ئایا هەندێک پارێزگا زیاتر لە هەڕەشەکانی نائاسایشی زانیاریی دەناڵێنن. ئەم جۆرە شیکردنەوانە دەتوانێت زانیاریی گرنگ و پێویستە دەربارەی جۆراوجۆری ناوچەیی لە ئەم بوارەدا بخاتە بەردەست، هەروەها یارمەتی لێکدانەوەی سیاسەت و ستراتیژی تایبەت بە هەر ناوچەیەک بدات.

– دابەش بوونی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە لەسەر بنەمای ئاستەکانی خوێندن، بەرزترین ڕێژە بۆ ئاستی بەکالۆریۆس دەگەڕێتەوە کە (164) ڕۆژنامەنووسی لە خۆ گرتووە کە ڕێژەی (44.2%) لە کۆی گشتی نموونەکە پێک دەهێنێت. ئەم ڕێژەیە بەرزە ئاماژە بە ئەوە دەکات کە زۆرینەی ڕۆژنامەنووسانی بەشداربوو لەم توێژینەوەیەدا خاوەنی بڕوانامەی زانکۆن، کە ئەمە گرنگی پێدانی کاتی بۆ خوێندن و پەروەردە لە بواری ڕۆژنامەنوسیدا ڕەنگ دەداتەوە. ئاستی دبلۆم لە دووەم پلەدا هاتووە بە ڕێژەی (31.3%) کە (116) ڕۆژنامەنووسی لە خۆ گرتووە. ئەم ڕێژەیە نیشان دەدات کە بەشێکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنووسان خاوەنی ئاستێکی مامناوەندی خوێندنن، کە ڕەنگە ئەمە بەهۆی دەرفەتەکانی کارەوە بێت کە پێویستی بە ئاستێکی بەرز لە خوێندن نییە. ئاستی ماستەر لە سێیەم پلەدا هاتووە بە ڕێژەی (10.0%) کە (37) ڕۆژنامەنووسی لە خۆ گرتووە. ئاستی ئامادەیی بە ڕێژەی (12.4%) کە (46) ڕۆژنامەنووسی لە خۆ گرتووە لە چوارەم پلەدا هاتووە. ئاستەکانی سەرەتایی بە ڕێژەی (1.3%) کە (5) ڕۆژنامەنووس و دکتۆرا بە ڕێژەی (0.8%) کە (3) ڕۆژنامەنووسی لە خۆ گرتووە، کەمترین ڕێژەکانن. بە گشتی، دابەشبوونی ئاستەکانی خوێندن لەناو ڕۆژنامەنووسانی نموونەکەدا ئاماژە بە ئەوە دەکات کە زۆرینەیان خاوەنی ئاستێکی مامناوەند بۆ باڵای خوێندنن، کە ئەمە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر توانای لێکدانەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان دەبێت، بەتایبەتی لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا و ئاسایشی زانیارییدا.

– لە ئەنجامی خشتە کە دابەش بوونی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە لەسەر بنەمای دابەشبوونی ساڵانی ئەزموونی کار لەناو ڕۆژنامەنووسانی نموونەی توێژینەوەکە، بەرزترین ڕێژە بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەگەڕێتەوە کە ئەزموونی کاریان (11 ساڵ و زیاتر)ە، کە (157) ڕۆژنامەنووسی لە خۆ گرتووە و ڕێژەی (42.3%) لە کۆی گشتی نموونەکە پێک دەهێنێت. گروپی دووەم کە ئەزموونی کاریان لە نێوان (6–10 ساڵ)دایە، (134) ڕۆژنامەنووسی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (36.1%). کەمترین ڕێژە بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەگەڕێتەوە کە ئەزموونی کاریان (کەمتر لە 5 ساڵ)ە، کە (80) ڕۆژنامەنووسی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (21.6%). دابەشبوونی ئەزموونی کار بەم شێوەیە ئاماژە بە ئەوە دەکات کە نموونەی توێژینەوەکە هاوسەنگییەکی باشی هەیە لە نێوان ڕۆژنامەنووسانی کۆن و نوێدا. زۆرینەی بەشداربووان (78.4%) خاوەنی ئەزموونێکی زیاتر لە 6 ساڵن، کە ئەمە دەڵێت کە نموونەکە بە زۆری لە ڕۆژنامەنووسانی ئەزموونخراو پێک هاتووە. ئەمە لە ڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەوە گرنگە، چونکە ئەم ڕۆژنامەنووسانە توانای شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لەسەر ئاسایشی زانیارییان هەیە لە ڕووی ئەزموونی کاری ڕاستەقینەی گۆڕانکارییەکانی میدیا و ڕۆژنامەنوسیە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، بەتایبەتی دەرکەوتن و گەشەسەندنی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا و کاریگەرییەکانی لەسەر کاری ڕۆژنامەنوسی.

– لە خشتە کە دابەش بوونی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە لەسەر بنەمای دابەشبوونی داهاتی مانگانەی ڕۆژنامەنووسانی نموونەی توێژینەوەکە، بەرزترین ڕێژە بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەگەڕێتەوە کە داهاتی مانگانەیان (کەمتر لە 1 ملیۆن دینار)ە، کە (206) ڕۆژنامەنووسی لە خۆ گرتووە و ڕێژەی (55.5%) لە کۆی گشتی نموونەکە پێک

دەهێنێت. دووەم گروپ ئەو ڕۆژنامەنووسانەن کە داهاتی مانگانەیان لە نێوان (1-2 ملیۆن دینار)دایە، کە (155) ڕۆژنامەنووسی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (41.8%). ئەم گروپە لەگەڵ یەکەمەوە ڕێژەی (97.3%) پێک دەهێنن، کە ئاماژە بە ئەوە دەکات کە زۆرینەی زۆری ڕۆژنامەنووسان (361 ڕۆژنامەنووس لەکۆیی گشتی 371 ڕۆژنامەنووس) داهاتیان لە (2 ملیۆن دینار) کەمترە، کە ئەمە ئاستێکی نزمی ژیانە و ڕەنگە کاریگەریی نەرێنی لەسەر پارەدانیان بە کۆرسە ڕاهێنانییەکان یان بەدەستهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییە نوێیەکان بەبێت. ڕێژەی کەم بۆ ئەو گروپانە دەگەڕێتەوە کە داهاتیان لە (2 ملیۆن دینار) زیاترە. گروپی (3-4 ملیۆن دینار) تەنها (8) ڕۆژنامەنووسی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (2.2%)، لە کاتێکدا گروپی (5 ملیۆن دینار و زیاتر) تەنها (2) ڕۆژنامەنووسی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (0.5%). دابەشبوونی داهات بەم شێوەیە چەندین ئاماژەی گرنگی هەیە بۆ توێژینەوەکە. یەکەم، ئەوەیە کە نزمی داهاتی ڕۆژنامەنووسان ڕەنگە کاریگەریی لەسەر جۆری سەرچاوە زانیاریی‌یەکانیان بەبێت کە پشت پێ دەبەستن، چونکە ڕەنگە ئەتوانن پارە بدەن بۆ سەرچاوە فەرمی و جێگیرەکانی زانیاریی. دووەم، نزمی داهات ڕەنگە وا لێ بکات کە زیاتر پشت بە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا ببەستن وەک سەرچاوەی خەرجی کەم بۆ وەرگرتنی زانیاریی. سێیەم، ئەم بارودۆخە دارییە ڕەنگە کاریگەریی لەسەر ئاستی پرۆفیشناڵیزم و کوالیتی کاریان بەبێت. هەروەها ئەم دۆخە داراییە ڕەنگدانەوەی گشتی دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستانە و کاریگەریی لەسەر بواری ڕۆژنامەنوسی هەیە، کە ئەمە دەکرێت وەک هۆکارێک بۆ زیادبوونی پشت بەستن بە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا وەک سەرچاوەی ئابووری و بەردەستی زانیاریی لە لایەن ڕۆژنامەنووسانەوە تەماشا بکرێت.

- لە خشتە کە دابەش بوونی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە لەسەر بنەمای بواری سەرەکی کارکردنی ڕۆژنامەنووسانی نموونەی توێژینەوەکە، بەرزترین ڕێژە بۆ بواری سیاسی دەگەڕێتەوە کە (157) ڕۆژنامەنوسی لە خۆ گرتووە و ڕێژەی (42.3%) لە کۆی گشتی نموونەکە پێک دەهێنێت. بواری "بواری تر" لە دووەم پلەدا هاتووە بە (52) ڕۆژنامەنووس و ڕێژەی (14.0%)، کە ئاماژە بە ئەوە دەکات کە بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان لە بوارەکانی دیکەی دەرەوەی ئەو بوارانەی ناوزەد کراون کار دەکەن، وەک بوارەکانی ئابووری، کولتووری، هونەری و هتد. بواری کۆمەڵایەتی و بواری تەکنەلۆژیا و IT هەریەکەیان (42) ڕۆژنامەنووسی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (11.3%) بۆ هەریەکەیان. ئەم هاوتایەتی ڕێژەیە نیشان دەدات کە بواری تەکنەلۆژیا و IT وەک بوارێکی نوێ لە ڕۆژنامەنوسیدا گرنگییەکی هاوتای بواری کۆمەڵایەتی بەدەست هێناوە، کە ئەمە ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیانوێیە لە کۆمەڵدا. بواری کلتووری و هونەری (22) ڕۆژنامەنووسی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (5.9%)، کە ڕێژەیەکی مامناوەندە و پیشان دەدات کە بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان تایبەت بە بابەتە کولتوورییەکانن. بواری ئابوری (24) ڕۆژنامەنووسی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (6.5%)، بوارەکانی تەندروستی و وەرزشی هەریەکەیان (16) ڕۆژنامەنووسی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (4.3%) بۆ هەریەکەیان، کە کەمترین ڕێژەکانن. دابەشبوونی بوارەکانی کار بەم شێوەیە ئاماژە بە چەندین خاڵی گرنگ دەکات. یەکەم، زۆری ڕۆژنامەنووسانی سیاسی نیشان دەدات کە ئەم بوارە زیاتر لە هەموو بوارێکی تر ڕووبەڕووی پێشهاتە و ڕاپۆرتی نادروست لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیادا دەبێتەوە. دووەم، بوونی ڕۆژنامەنووسان لە بواری تەکنەلۆژیای نوێ و IT پیشان دەدات کە ئەم ڕۆژنامەنووسانە ڕەنگە زیاتر ئاگادار بن لە کاریگەرییەکانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا. سێیەم، دابەشبوونی بوارەکان ڕەنگدانەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا و ئەولەویەتە جیاوازەکانی خەڵکە لە وەرگرتنی زانیاریی‌دا.

- لە خشتە کە دابەش بوونی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە لەسەر بنەمای دابەشبوونی جۆری دامەزراوەی ڕۆژنامەنووسان بەپێی ئەو شوێنانەی کە تێیدا کار دەکەن، و بەپێی جۆری پرسیارەکە هەر ڕۆژنامەنوسێک زیاتر لە وەڵامێکیان هەڵبژاردووە دەردەکەوێت کە لە کۆی گشتی (541) وەڵامدەرەوە، بەم شێوەیە دابەش بووە، بەرزترین ڕێژە بۆ کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان دەگەڕێتەوە کە (212) وەڵامی لە خۆ گرتووە و ڕێژەی (57.1%) لە کۆی گشتی نموونەکە پێک دەهێنێت. تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لە دووەم پلەدا هاتووە بە (139) وەڵام بە ڕێژەی (37.5%). ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی لە سێیەم پلەدا هاتووە بە (91) وەڵام بە ڕێژەی (24.5%). وێستگەی ڕادیۆیی (29) وەڵامی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی

(7.8%)، ئاژانسی هەواڵ (26) وەڵامی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (7.0%)، ڕێکخراوی ناحکوومی یان مەدەنی (12) وەڵامی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (3.2%)، کە ڕێژەیەکی کەمە و پیشان دەدات کە بەشێکی کەم لە ڕۆژنامەنووسان لە ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا کار دەکەن. ڕاگەیاندنی دامەزراوەکانی حکومەت (25) وەڵامی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (6.7%)، ڕۆژنامەنووسی ئازاد (فریلانس) کەمترین ڕێژەی هەیە بە (7) وەڵام بە ڕێژەی (1.9%).

دابەشبوونی جۆری دامەزراوەکان بەم شێوەیە چەندین ئاماژەی گرنگی هەیە. یەکەم، زۆری کارکردن لە تەلەڤزیۆن و سۆشیال میدیا (94.6%) پیشان دەدات کە میدیای بینراو و دیجیتاڵ سەرەڕۆی هەموو شتێک. دووەم، کەمبوونەوەی ڕۆژنامە چاپکراوەکان ڕەنگدانەوەی گۆڕانی تەکنەلۆژیای نوێیە لە میدیادا. سێیەم، زۆربوونی کارکردن لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا وەک دامەزراوەیەک پیشان دەدات کە ئەم پلاتفۆرمانە ئێستا وەک ئامرازی پیشەیی سەیر دەکرێن نەک تەنها وەک ئامرازی کۆمەڵایەتی.

خشتەی ژمارە (3) تایبەتە بەو پلاتفۆرمەی کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسان بەکاردەهێندرێت

| پلاتفۆرمەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
| --- | --- | --- |
| فەیسبووک | 347 | 93.5% |
| یوتیوب | 197 | 53.1% |
| ئینستاگرام | 255 | 68.7% |
| تیکتوک | 176 | 47.4% |
| سناپچات | 183 | 49.3% |
| واتسئاپ | 272 | 73.3% |
| ماسنجەر | 221 | 59.6% |
| تیلیگرام | 220 | 59.3% |
| ڤایبەر | 113 | 30.5% |
| ئیمەیل | 178 | 48.0% |
| تویتەر(ئێکس) | 95 | 25.6% |

لە خشتە (3) دابەش بوونی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە لەسەر بنەمای ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لە لایەن ڕۆژنامەنووسانەوە، و بەپێی جۆری پرسیارەکە هەر ڕۆژنامەنووسێک زیاتر لە وەڵامێکیان هەڵبژاردووە، بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنان بۆ فەیسبووک دەگەڕێتەوە کە (347) وەڵامی لە خۆ گرتووە و ڕێژەی (93.5%) واتسئاپ لە دووەم پلەدا هاتووە بە (272) وەڵام بە ڕێژەی (73.3%). ئینستاگرام لە سێیەم پلەدا هاتووە بە (255) وەڵام بە ڕێژەی (68.7%). تیلیگرام (220) وەڵامی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (59.3%)، ماسنجەر (221) وەڵامی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (59.6%)، یوتیوب (197) وەڵامی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (53.1%)، سناپچات (183) وەڵامی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (49.3%)، ئیمەیڵ (178) وەڵامی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (48.0%)، تیکتۆک (176) وەڵامی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (47.4%)، ڤایبەر (113) وەڵامی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (30.5%)، تویتەر (ئێکس) کەمترین ڕێژەی هەیە بە (95) وەڵامی لە خۆ گرتووە بە ڕێژەی (25.6%).

بە گشتی، ئەم دابەشبوونە پیشان دەدات کە ڕۆژنامەنووسان لە چەندین پلاتفۆرمی جیاواز بەکار دەهێنن، کە فەیسبووک، واتساپ و ئینستاگرام سێ پلاتفۆرمی سەرەکین. ئەمە ئاماژە بە ئەوە دەکات کە ڕۆژنامەنووسان پشت بە چەندین سەرچاوەی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا دەبەستن بۆ وەرگرتن و پەخشکردنی زانیاریی، کە ئەمە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاسایشی زانیاریی دەبێت.

خشتەی ژمارە (4) مەبەست لە بەکارهێنانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا

| مەبەست لە بەکارهێنان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری | 341 | %91.9 |
| پەیوەندیکردن بە سەرچاوەکانەوە | 153 | %41.2 |
| بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی رۆژنامەنووسی | 104 | %28.0 |
| گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕکردن و بڵاوکردنەوەی بیروڕا | 99 | %26.7 |
| ئاشنابوون بە ئاسایشی زانیاری | 77 | %20.8 |
| پەیوەندی لەگەڵ بەکاربەران | 104 | %28.0 |
| کارکردن لەگەڵ تیمی کارەوە | 166 | %44.7 |
| دروستکردنی رای گشتی | 56 | %15.1 |
| دەستکەوتنی داهات | 60 | %16.2 |
| دروستکردنی پەیوەندی نوێ | 104 | %28.0 |

لە خشتە (4) دابەش بوونی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە لەسەر بنەمای مەبەست لە بەکارهێنانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا، بەرزترین ڕێژە بۆ "کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری" بووە بە (341) وەڵام بەرێژەی (٩١.٩%)، هەروەها بە (166)وەڵام بەرێژەی (٤٤.٧%) تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا بەکاردەهێنن بۆ (کارکردن لەگەڵ تیمی کارەوە)، لەلایەکیتر چەندین مەبەست ڕێژەی نزیکی یەکتریان هەیە: پەیوەندیکردن بە سەرچاوەکانەوە: (153) ولام بەرێژەی (٤١.٢%)، دروستکردنی پەیوەندی نوێ (104)وەڵام بەرێژەی (٢٨.٠%)، هاوکات پەیوەندی لەگەڵ بەکارهێنەران (104)وەڵام بەرێژەی (٢٨.٠%)، گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕکردن و بڵاوکردنەوەی بیروڕا (99) وەڵام بەرێژەی (٢٦.٧%)، مەبەستەکانی کەمتر بەکارهاتوو بریتین لە ئاشنابوون بە ئاسایشی زانیاریی: (77) وەڵام بەرێژەی (٢٠.٨%)، دەستکەوتنی داهات (60) وەڵام بەرێژەی (١٦.٢%)، هەروەها دروستکردنی ڕای گشتی (56) وەڵام بەرێژە (١٥.١%) کۆیی گشتی خستەکە پێکدەهێنن. شیکردنەوەی ڕێژەکان دەریدەخات کە رۆژنامەنووسان بە شێوەیەکی سەرەکی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا بۆ مەبەستە پیشەییەکان بەکاردەهێنن، بەڵام تەنها (٢٠.٨%) لە رۆژنامەنووسان ئاماژەیان کردووە کە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا بەکاردەهێنن بۆ "ئاشنابوون بە ئاسایشی زانیاریی"، کە ئەمەش نیگەرانییەکی گەورەیە. ئەو کاتەی (٩١.٩%) تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا بەکاردەهێنن بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی، تەنها (٢٠.٨%) گرنگی بە ئاسایشی زانیاریی دەدەن. هاوکات جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ڕێژەی بەکارهێنان بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی (٩١.٩%) و ئاگایی لە ئاسایشی زانیاریی (٢٠.٨%) هەیە. ئەم جیاوازییە (٧١.١%) ــــــی مەترسیدارە کە نیشاندەری ئەوەیە کە زۆرێک لە رۆژنامەنووسان بێ ئەوەی هۆشیاری تەواویان لە مەترسییەکان هەبێت، زانیاری لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیاوە کۆدەکەنەوە. ئەم دۆخە پێداویستی بە چالاکییەکی ئاراستەکراو و بەردەوام هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی و دامەزراندنی سیستەمێکی پتەوتر بۆ دڵنیاکردنەوەی زانیاریی.

خشتەی ژمارە (5) جۆری هەڕەشەکانی ئاسایشی زانیاریی لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیادا ڕووندەکاتەوە

| ژ | هەڕەشەکانی ئاسایشی زانیاری | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| 1 | هاککردنی ئەکاونت | 191 | %51.5 |
| 2 | بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست | 160 | %43.1 |
| 3 | بردنی زانیاری کەسی و تایبەت | 110 | %29.6 |
| 4 | چاودێریکردنی نایاسایی | 60 | %16.2 |
| 5 | فریودانی دارایی | 23 | %6.2 |
| 6 | گێچەڵی سێکسی | 24 | %6.5 |
| 7 | فشاری سیاسی | 58 | %15.6 |
| 8 | ناوزراندن | 73 | %19.7 |

لە خشتە (5) دابەش بوونی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە لەسەر بنەمای کام جۆرە هەڕەشەکانی ئاسایشی زانیارdی لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیادا ڕووبەڕووت بوونەتەوە، دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە کە (699) وەڵام لە کۆیی گشتی (371)ڕۆژنامەنووس وەک بەشداربوو پێک هێناوە، نیشاندەری ئەوەیە کە زۆرینەی ڕۆژنامەنووسان زیاتر لە یەک هەڕەشەیان ناسیوە، کە ئەمە دەریدەخات کە ئاگاداری بەرفراوان هەیە دەربارەی ئاڵۆزی و فرەڕەنگی مەترسیەکانی ئاسایشی زانیاری. " هاککردنی ئەکاونت " بە (191) وەڵام بەڕێژەی (51.5%) زۆرترین ناسینەوەی بەدەستهێناوە، "بڵاوکردنەوەی زانیاری نادروست" لە دووەم پلەدا هاتووە بە (160) وەڵام بەڕێژەی (43.1%). "پردنی زانیاری کەسی و تایبەت" سێیەم جێگای گرتووە بە (110) وەڵام بەڕێژەی (29.6%)، کە ئەمە ڕەنگدانەوەی نیگەرانی زیادبووی ڕۆژنامەنووسانە دەربارەی پرسی پاراستنی تایبەتێتی و ئازادی تاک لە سەردەمی دیجیتاڵدا. " ناوزراندن " بە (73) وەڵام بەڕێژەی (19.7%) چوارەمین هەڕەشەیە لە ڕووی ناسینەوەوە. "فشاری سیاسی" بە (58) وەڵام بەڕێژەی (15.6%). " چاودێریکردنی نایاسایی " بە (60) وەڵام بەڕێژەی (16.2%) ئاماژە بە نیگەرانی دەکات دەربارەی بەکارهێنانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا بۆ چاودێری و کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی تاکەکان. هەڕەشەکانی "گێچەڵی سێکسی" بە (24) وەڵام بەڕێژەی (6.5%) و "فریودانی دارایی" بە (23) وەڵام بەڕێژەی (6.2%).

ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە نیشان دەدات کە ڕۆژنامەنووسان ئاگاداری بەرفراوانیان هەیە دەربارەی زۆرینەی هەڕەشەکانی ئاسایشی زانیاریی، بەڵام ئەم ئاگاداریە بە شێوەیەکی یەکسان دابەش نەبووە. ئەمە ئەوە پێشنیار دەکات کە پێویستە بەرنامەی پەروەردەی ئامانجدار دابنرێت کە تیشک بخاتە سەر ئەو هەڕەشانەی کە کەمتر ناسراون. هەروەها گرنگە ڕۆژنامەنووسان نەتەنها ئاگاداری ئەم هەڕەشانە بن، بەڵکوو شارەزایی کردارییان هەبێت بۆ ناسینەوە و بەرەنگاربوونەوەیان.

خشتەی ژمارەی (6) ژمارەی ئەو هەرەشانە نیشاندەدات کە ڕووبەرووی ڕۆژنامەنووسان بۆتەوە

| ژ | تووشی هەڕەشە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| 1 | هەرگیز | 64 | %17.3 |
| 2 | جارێک | 124 | %33.4 |
| 3 | 2-3جار | 150 | %40.4 |
| 4 | 4-6جار | 19 | %5.1 |
| 5 | زیاتر لە 6 جار | 14 | %3.8 |

لە خشتە (6) دابەش بوونی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە لەسەر بنەمای ماوەی ڕابردوو چەند جار تووشی ئەم هەڕەشانە بوویت، بەپێی ئەنجامەکانی خشتەکە، بەرزترین تووشبوون (150) ڕۆژنامەنووس بەرێژەی (40.4%) پەیوەندیدارە بە بەشداربووانی کە "3-2" جار تووشی هەڕەشەکانی ئاسایشی زانیاریی بوون. دووەم بەرزترین ڕێژە (33.4%) دەکاتە (124) ڕۆژنامەنووس تایبەتە بە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە "جارێک" تووشی ئەم هەڕەشانە بوون. ئەم ڕێژەیە لەگەڵ یەکەمیان پێکەوە (73.8%) پێکدەهێنن، کە ئاماژە بە ئەوە دەکات کە زۆرینەی زۆری ڕۆژنامەنووسان بە شێوەیەکی بەردەوام ڕووبەڕووی کێشەکانی ئاسایشی زانیاریی دەبنەوە. لە بەرامبەردا، تەنها (17.3%) لە بەشداربووان (64)ڕۆژنامەنووس ئاماژەیان بە " هەرگیز " بە هەڕەشەکان کردووە. هەروەها ڕێژەی (5.1%) لە بەشداربووان (19) دەگرێتەوە کە برگەی (6-4 جار)، بۆ برگەی (زیاتر لە 6 جار) بەرێژەی (3.8%) لەبەشداربووان (14)ڕۆژنامەنووس دەگرێتەوە. لە چوارچێوەی ئاسایشی زانیارییدا، ئەم ئەنجامانە ئاماژە بە ئەوە دەکەن کە هەڕەشەکانی ئاسایشی زانیاریی لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا کێشەیەکی گشتگیرن کە کاریگەریی لەسەر زۆرینەی ڕۆژنامەنووسانی هەرێم هەیە. ئەوەی (73.8%) لە بەشداربووان بە شێوەیەکی بەردەوام تووشی ئەم هەڕەشانە دەبن، پێویستی بە چارەسەری ڕیشەیی و ستراتیژی فراوان دەردەخات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و پاراستنی ڕۆژنامەنووسان لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکان لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا.

خشتەی ژمارە (7) کاریگەریی برگەکان ڕووندەکاتەوە

| برگەکان | تەواو لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | دڵنیانیم | | لەگەڵیدانیم | | هیچ لەگەڵیدانیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | |
| بەکارهێنانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لە هەرێمی کوردستان کاریگەریی دیجیتاڵی و سایبرانی هەیە. | 106 | 28.6 | 171 | 46.1 | 82 | 22.1 | 9 | 2.4 | 3 | 0.8 | 2.01 | 0.824 | %74.7 |
| بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا کاریگەریی لەسەر راستگۆیی کاری رۆژنامەوانی هەیە. | 199 | 53.6 | 111 | 29.9 | 38 | 10.2 | 21 | 5.7 | 2 | 0.5 | 1.70 | 0.907 | %83.6 |
| هاککردنی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا کاریگەریی نەرێنی هەبووە لەسەر پێگەی رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان. | 111 | 29.9 | 142 | 38.3 | 75 | 20.2 | 42 | 11.3 | 1 | 0.3 | 2.14 | 0.981 | %68.2 |
| ئەو هەرەشانەی پەیوەستە بە ئاسایشی زانیاریی کاریگەریی لەسەر پیشەکەم هەبووە. | 71 | 19.1 | 128 | 34.5 | 117 | 31.5 | 50 | 13.5 | 5 | 1.3 | 2.43 | 0.991 | %53.6 |
| بەکارهێنانی ناسنامەی ساختە لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا کاریگەریی لەسەر پێگەی کەسایەتی گشتی هەیە | 157 | 42.3 | 116 | 31.3 | 52 | 14.0 | 30 | 8.1 | 16 | 4.3 | 2.01 | 1.131 | %73.6 |
| کۆیی گشتی | | | | | | | | | | | 2.06 | 0.966 | %70.74 |

خشتەی (8) خستنەڕووی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای کاریگەریی برگەکان خوارەوە دیاری دەکات، لەبرگەی پرسیاری یەکەم ( بەکارهێنانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لە هەرێمی کوردستان کاریگەریی دیجیتاڵی و سایبرانی هەیە) ڕۆژنامەنووسان بەرێژەی (٧٤.٧٪) ڕەزامەندی تەواویان پیشاندا کە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا کاریگەریی نەرێنی هەیە. ئەو ڕێژەیە بەرەنجامی کۆکردنەوەی لێکەرتی ژمارەی ئەوانەی کە "تەواو لەگەڵیدام" و "لەگەڵیدام" هاتۆتە هەژمارکردن، ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە لە سێ یەک ڕۆژنامەنووس لەم دیاردەیە نیگەرانن. هەروەها ناوەندی ژمێرەیی (٢.٠١) کە لە ئاستی "ڕازیم"ەوە نزیکترە، پشتگیری ئەم دۆزینەوەیە دەکات. لە پرسیاری دووەمدا کە تایبەت بوو بە (بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا کاریگەریی لەسەر ڕاستگۆیی کاری ڕۆژنامەوانی هەیە) بەرێژەی (٨٣.٦٪) لە ڕۆژنامەنووسان ڕەزامەندیان پیشاندا. ئەم ڕێژەیە کە بەرزترین ڕێژەی ڕەزامەندییە لە نێو هەموو پرسیارەکاندا، نیشاندەری ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووسان زۆر جددی لەم کێشەیە دەڕوانن. ناوەندی ژمێرەیی (١.٧٠) کە کەمترین نرخە لە نێو هەموو پرسیارەکاندا، دەرخەری ئاستێکی بەرزی نیگەرانییە. لە پرسیاری سێیەمدا کە تایبەت بوو بە برگەی (هاککردنی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا کاریگەریی نەرێنی هەبووە لەسەر پێگەی ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان)بەرێژەی (٦٨.٢٪) لە ڕۆژنامەنووسان ڕەزامەندیان پیشاندا. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی "لەگەڵدا نیم"

(١١.٣٪) لەم پرسیارەدا بەرزترە لە پرسیارەکانی تر، کە ئەمەش نیشاندەری ئەوە دەبێت کە هەندێک رۆژنامەنووس لە هەوڵەکانی ئێستا ئاگادار نین. پرسیاری چوارەم کە تایبەت بوو بە (ئەو هەرەشانەی پەیوەستە بە ئاسایشی زانیاریی کاریگەریی لەسەر پیشەکەم هەبووە) کەمترین ڕێژەی ڕەزامەندی (٥٣.٦٪)ی لە خۆوە گرتووە. ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە رۆژنامەنووسان خۆیان دان بەوەدا دەنێن کە پێویستیان بە پەرەپێدانی تواناکانیان هەیە لە بواری ناسینەوەی زانیاریی ناراست. هەروەها ڕێژەی بەرزی "لەگەڵدانیم" (١٣.٥٪) لەم پرسیارەدا، ڕەنگە نیشاندەری دڵەڕاوکێیەک بێت لەبارەی تواناکانی خۆیانەوە. لە پرسیاری پێنجەم کە تایبەت بوو بە (بەکارهێنانی ناسنامەی ساختە لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا کاریگەریی لەسەر پێگەی کەسایەتی گشتی هەیە)، بەرێژەی (٧٣.٦٪) لە رۆژنامەنووسان دان بەم پێویستییەدا دەنێن. ئەمەش یەکگرتووە لەگەڵ دۆزینەوەکانی پرسیاری چوارەم و نیشاندەری ئەوەیە کە رۆژنامەنووسان خۆیان ئامادەی فێربوون و پەرەپێدانن، بەگشتی هێزی وەڵامی برگەکان ئەو دەردەخات تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا کاریگەریی هەیە لەسەر ئاسایشی زانیاری.

خشتەی ژمارە (8) ئاستی گرنگیدان بەرێکارەکانی پاراستنی ئاسایشی زانیاریی

| برگەکان | بەردەوام | | هەندێکجار | | بەدەگمەن | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی بەردەوامی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | |
| ڕێگاکانی پاراستنی ئەکاونت | 203 | 54.7 | 138 | 37.2 | 30 | 8.1 | 1.53 | 0.642 | 91.9% |
| ناسینەوەی جۆری هێرش و فێڵ | 80 | 21.6 | 186 | 50.1 | 105 | 28.3 | 2.07 | 0.704 | 71.7% |
| پاراستنی زانیاری تایبەتی | 205 | 55.3 | 96 | 25.9 | 70 | 18.9 | 1.64 | 0.781 | 81.2% |
| بەکارهێنانی پرۆگرام و ڕێکارەکانی پارێزگاری | 100 | 27.0 | 137 | 36.9 | 134 | 36.1 | 2.09 | 0.790 | 63.9% |
| ناسینەوەی زانیاری ساختە | 142 | 38.3 | 134 | 36.1 | 95 | 25.6 | 1.87 | 0.790 | 74.4% |
| ناسینەوەی وێنەو ڤیدیۆی ناڕاست | 143 | 38.5 | 134 | 36.1 | 94 | 25.3 | 1.87 | 0.789 | 74.6% |
| پاراستنی ئەرشیفی ئەلیکترۆنی | 119 | 32.1 | 126 | 34.0 | 126 | 34.0 | 2.02 | 0.814 | 66.1% |
| خۆپارێزی لە هێرشەکانی پەکخستنی ماڵپەڕەکان | 132 | 35.6 | 122 | 32.9 | 117 | 31.5 | 1.96 | 0.819 | 68.5% |
| کۆی گشتی | | | | | | | 1.88 | 0.743 | 74.03% |

خشتەی (8) خستنەڕووی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای ئاستی گرنگیدان بەرێکارەکانی پاراستنی ئاسایشی زانیاریی، بەپێی ئەنجامەکانی خشتەکە، بەرزترین ڕێژەی " بەردەوام " گرنگیدان بەرێژەی(55.3%) دەکاتە (205) رۆژنامەنووس پەیوەندیدارە بە "پاراستنی زانیاریی تایبەت". هاوکات کەمترین ڕێژەی "بەدەگمەن" بەرێژەی (18.9%) 70 رۆژنامەنووس، هەروەها دووەم بەرزترین ڕێژەی "بەردەوام" بەرێژەی (38.5%) دەکاتە (143) تایبەتە بە "ناسینەوەی وێنە و ڤیدیۆی ناڕاست". ئەم ڕێژەیە لەگەڵ (36.1%) "هەندێکجار" (134)رۆژنامەنووس کۆدەبێتەوە بۆ ڕێژەی (74.6%)، کە نیشاندەری گرنگیی ئەم توانایەیە لە سەردەمی دیجیتاڵیدا. سێیەم بەرزترین ڕێژەی "بەردەوام" بەرێژەی (38.3% ) دەکاتە(142)رۆژنامەنووس پەیوەندیدارە بە "ناسینەوەی زانیاریی ساختە". ئەمەش ڕوونکەرەوەی هۆشیاری رۆژنامەنووسانە سەبارەت بە گرنگی ناسینەوەی زانیاریی هەڵە، بەتایبەتی لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا.

کاتێک سەیری ڕێژەی گشتی گرنگیدان دەکەین، بەرزترین ڕێژە (91.9%) تایبەتە بە "ڕێگاکانی پاراستنی ئەکاونت"، کە ئاماژە بە ئەوە دەکات کە بەنزیکی هەموو رۆژنامەنووسان ئەم بابەتەیان وەک گرنگ دەبینن. دواتر "پاراستنی زانیاریی تایبەت" (81.2%) و "ناسینەوەی جۆری هێرش و فێڵ" (71.7%) دێن. کەمترین ڕێژەی گشتی گرنگیدان (63.9%) تایبەتە بە " بەکارهێنانی پرۆگرام و ڕێکارەکانی پارێزگاری "، کە دەتوانێت ئاماژە بە کەمی ئاگاداری یان دەستڕاگەیشتن بە ئامرازە تەکنیکییەکان بکات.

لە چوارچێوەی ئاسایشی زانیارییدا، ئەم ئەنجامانە ئاماژە بە چەندین دیاردەی گرنگ دەکەن: یەکەم، رۆژنامەنووسان زیاتر گرنگی بە پاراستنی زانیاریی کەسی دەدەن لە جیاتی توانای تێگەیشتن و شیکردنەوەی زانیاریی گشتی. دووەم، هۆشیاری باش هەیە سەبارەت بە گرنگی ناسینەوەی دەستکاری و زانیاریی ساختە. سێیەم، کەمترین گرنگیدان بە ئامرازە تەکنیکییەکانە، کە ئەمەش پێویستی بە پەرەپێدانی زانیاری تەکنیکی دەردەخات.

خشتەی ژمارە (9) کام لەم رێکارانە بۆ خۆپارێزی لە هەرەشەکانی ئاسایشی زانیاریی بەکارهێناوە

| برگەکان | بەردەوام | | هەندێکجار | | بەدەگمەن | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | رێژەی بەردەوامی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | |
| تێپەرە ووشەی بەهێز | 241 | 65.0 | 106 | 28.6 | 24 | 6.5 | 1.42 | 0.611 | %93.5 |
| دووفاکتەری ڕاستاندن (کۆدی نامەناردن) | 179 | 48.2 | 130 | 35.0 | 62 | 16.7 | 1.68 | 0.743 | %83.3 |
| ڕێکخستنی تایبەتمەندی نهێنی ئەکاونت | 182 | 49.1 | 110 | 29.6 | 79 | 21.3 | 1.72 | 0.793 | %78.7 |
| دژە ڤایرۆس | 87 | 23.5 | 116 | 31.3 | 168 | 45.3 | 2.22 | 0.801 | %54.7 |
| بەکارهێنانی VPN | 62 | 16.7 | 136 | 36.7 | 173 | 46.6 | 2.30 | 0.738 | %53.4 |
| پشکنینی بەردەوامی ئەکاونت | 140 | 37.7 | 136 | 36.7 | 95 | 25.6 | 1.88 | 0.788 | %74.4 |
| تایبەتمەندی پۆستەکانم دەپارێزم (custom) | 119 | 32.1 | 132 | 35.6 | 120 | 32.3 | 2.00 | 0.804 | %67.7 |
| پاسۆرد مەنەجەر (پاسۆردی دژوار) | 155 | 41.8 | 121 | 32.6 | 95 | 25.6 | 1.84 | 0.806 | %74.4 |
| بەکارهێنانی وشەی نهێنی جیاواز بۆ هەر ئەکاونتێک | 147 | 39.6 | 117 | 31.5 | 107 | 28.8 | 1.89 | 0.821 | %71.2 |
| کۆی گشتی | | | | | | | 1.88 | 0.767 | %72.36 |

خشتەی (9) خستنەرووی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای کام لەم رێکارانە بۆ خۆپارێزی لە هەرەشەکانی ئاسایشی زانیاری بەکارهێناوە، برگەی یەکەم: (تێپەرە ووشەی بەهێز) بەرزترین رێژە تۆمارکراوە، کە (٩٣.٥٪) لە رۆژنامەنووسان ئەم تەکنەلۆژیایە بەکاردەهێنن. ناوەندی ژمێرەیی (١.٤٢) نیشاندەری ئەوەیە رۆژنامەنووسان هۆشیاری باشیان لە پێداویستییەکانی پاراستنی بنەڕەتی هەیە، کە ئەمەش بنچینەیەکی باشە بۆ پاراستنی سایبەری. برگەی دووەم (دووفاکتەری ڕاستاندن (کۆدی نامەناردن)) بەرێژەی (٨٣.٣٪) لە رۆژنامەنووسان بەکاری دەهێنن. ناوەندی ژمێرەیی (١.٦٨) نیشاندەری پابەندبوونێکی باشە لەم رێکارە پاراستنەوە. ئەم دۆزینەوەیە بەتایبەتی گرنگە چونکە دووپاتکردنەوەی ناسنامە یەکێکە لە گرنگترین رێکارەکانی پاراستن لە دەستڕاگەیشتنی نامۆ. برگەی سێیەم تایبەت بە (رێکخستنی تایبەتمەندی نهێنی ئەکاونت) رێژەی (٧٨.٧٪) بەکاردەهێنرێت. ئەم ڕێژەیە کە لە ئاستێکی باشدایە، نیشاندەری ئەوەیە کە رۆژنامەنووسان تێگەیشتنیان لە گرنگی بەنوێکردنەوەی بەردەوامی سیستەم بۆ پێشگریکردن لە مەترسییە هەنوکەییەکان هەیە. برگەی چوارەم (دژە ڤایرۆس) دوو کەمترین رێژەی بەکارهێنانە بەرێژەی (٥٤.٧٪) و " لەبرگەی پێنجەم بەکارهێنانی VPN" (٥٣.٤٪) تۆمارکراوە. ئەم دۆزینەوانە نیشاندەری ئەوەن کە نزیکەی نیوەی رۆژنامەنووسان هێشتا ئەم تەکنەلۆژیا پێشکەوتووانە بەکارناهێنن، کە ئەمەش مەترسییەکی گەورە دروست دەکات بەتایبەتی بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی کە لە بابەتە هەستیارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کاردەکەن. لەبرگەی شەشەم (پشکنینی بەردەوامی ئەکاونت) بەرێژەی (٧٤.٤٪)، لەبرگەی حەوتەم (تایبەتمەندی پۆستەکانم دەپارێزم (custom)) بەرێژەی (٦٧.٧٪)، لە برگەی هەشتەم (پاسۆرد مەنەجەر (پاسۆردی دژوار)) بەرێژەی (٧٤.٤٪)، و لەبرگەی نۆیەم (بەکارهێنانی وشەی نهێنی جیاواز بۆ هەر ئەکاونتێک)بەرێژەی (٧١.٢٪) لە ناوەڕاستی خشتەکەدا جێگەی گرتووە. ئەم رێژانە نیشاندەری ئەوەن کە کۆمەڵێک لە رۆژنامەنووسان هەوڵی زیاتریان داوە بۆ پاراستنی

زانیارییەکانیان.

لە دەرئەنجامە ئامارییەکان ناوەندی ژمێرەیی (١.٨٨) نیشاندەری ئەوەیە کە بە گشتی رۆژنامەنووسان لە ناوەڕاستی "بەکارهێنان" و "هەندێک جار بەکارهێنان"دا جێگە گرتووە. لادانی پێوانەیی (٠.٧٦٧) نیشاندەری ئەوەیە کە کۆکبوونەوەیەکی مامناوەند لە نێو وەڵامدەرەکاندا هەیە، کە ئەمەش واتای ئەوەیە کە بەڕێژەیەکی باش هاوڕێی لە نێو رۆژنامەنوسساندا لە بەکارهێنانی ڕێکارە پاراستنەکان هەیە. ئەم توێژینەوەیە دەرخەری ئەوەیە کە رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان بنچینەیەکی باشیان لە پاراستنی بنەڕەتی سایبەری هەیە، بەڵام هێشتا کەموکوڕی بەرچاویان لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکان هەیە. ئەمەش پێویستی بە هەوڵێکی ڕێکخراو و بەردەوام دەخاتە ڕوو بۆ پاراستنی رۆژنامەنووسان لە مەترسییە سایبەرییە زیادبووەکان لە سەردەمی ئێستادا. نرخی گشتی کە (٧٢.٣٦٪)ی گەیشتووەتە، نیشاندەری ئەوەیە کە هەنگاوەکانی پێویست بۆ گەیشتن بە ئاستێکی باشتری پاراستن نزیک و بەدەست ڕاگەیشتوون.

خشتەی ژمارە (10) هەنگاوەکانی پاراستنی ئەکاونتی پلاتفۆرمەکان نیشان دەدات

| ژ | برگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| 1 | گۆڕینی پاسۆردەکان | 333 | %89.8 |
| 2 | ریپۆرتکردن لە پلاتفۆرمەکە | 98 | %26.4 |
| 3 | پەیوەندیکردن بە پۆلیس و دەزگا پەیوەندارەکان | 40 | %10.8 |
| 4 | داخستنی ئەکاونتەکان | 43 | %11.6 |
| 5 | یارمەتی لە پسپۆڕان | 141 | %38.0 |
| 6 | چاکسازیکردنی سیستەمەکان | 57 | %15.4 |

خشتەی (10) خستنەڕووی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای هەنگاوەکانی پاراستنی ئەکاونت لە هەرەشەکانی ئاسایشی زانیاریی، لە کۆی گشتی (٧١٢) وەڵامی بەدەستهاتوو بە ئامادەیی (371)رۆژنامەنووس (کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە رۆژنامەنووسان ڕێگایان پێدراوە چەند وەڵامێک هەڵبژێرن)، بەرزترین ڕێژە بۆ برگەی (گۆڕینی پاسوەردەکان) (٨٩.٨٪) بە (٣٣٣) وەڵام دەگەڕێتەوە، دووەمین بەرزترین ڕێژە بۆ برگەی (یارمەتی لە پسپۆڕان) بەرێژەی (٣٨.٠٪) بە (١٤١) وەڵام دەگەڕێتەوە، هەروەها لەبرگەی (ریپۆرتکردن لە پلاتفۆرمەکە) بەرێژەی(٢٦.٤٪) بە(٩٨) وەڵامەوە سێیەمین گروپی گەورەیە، لەبرگەی (چاکسازکردنی سیستەمەکان) بەرێژەی(١٥.٤٪) بە (٥٧) وەڵام لەخۆ دەگرێت، لەبرگەی (داخستنی ئەکاونتەکان) بەرێژەی (١١.٦٪) بە (٤٣) وەڵام و برگەی (پەیوەندیکردن بە پۆلیس و دەزگا پەیوەندارەکان" بەرێژەی (١٠.٨٪) بە (٤٠) وەڵام لەخۆ دەگرێت.

داخستنی ئەکاونتەکان وەک کۆتا چارەسەری بەکاردێت، کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە رۆژنامەنووسان هەوڵ دەدەن کاری خۆیان بەردەوام بهێڵنەوە تا کۆتا ئەگەر. لە لایەکی ترەوە، پەیوەندیکردن بە یاسایی دەسەڵاتەکانیش کەمە، کە ئەمە لەوانەیە نیشانەی کەمی متمانە بە سیستەمی یاسایی بێت یان هەستکردن بە کەمکاریی ئەم دامەزراوانە لە بواری ئاسایشی زانیاریی. ئەنجام دەردەکەوێت کە رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان ئاستێکی باشی هەیە لە زانین و جێبەجێکردنی ڕێکاری ئاسایشی زانیاریی. بەڵام هێشتا بۆشاییەکی گەورە هەیە لە بواری متمانەکردن بە دامەزراوە فەرمییەکان و بەکارهێنانی ڕێگا یاساییەکان، کە ئەمە دەکرێت ببێتە بابەتی توێژینەوەی داهاتوو یان پێشنیارەکان بۆ باشترکردنی سیاسەت و یاساکان لەم بوارە.

خشتەی ژمارە (11) پێویستی یاسا و دامەزراوەی تایبەت بۆ پاراستنی ئاسایشی زانیاریی ڕووندەکاتەوە

| برگەکان | لێکەرت | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| ئایا بەپێویستی دەزانی لەهەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت بۆ پاراستنی ئاسایشی زانیاریی لە تۆڕەکانی سۆشیالمیدیا دابنرێت؟ | بەڵێ | 353 | %95.1 | 4.05 | 0.215 |
| | نەخێر | 18 | %4.9 | | |

| برگەکان | لێکەرت | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| ئایا بوونی دامەزراوەیەکی تایبەتمەند لەهەرێمی کوردستان بۆ بەکاربەران لەئەگەری هەڕەشە و مەترسیەکانی دجیتالی بەپێویستی دەزانی؟ | بەڵێ | 341 | %91.9 | 3.08 | 0.273 |
| | نەخێر | 30 | 8.1% | | |

– خشتەی (11) خستنەڕووی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای پێویستی یاسایەکی تایبەت بۆ پاراستنی ئاسایشی زانیاریی لە تۆڕەکانی سۆشیالمیدیا، لە کۆی گشتی (٣٧١) ڕۆژنامەنووسی بەشداربوو، زۆرینەیەکی تێکڕای (٣٥٣ )یان بەڕێژەی (٩٥.١%) وەڵامی "بەڵێ"یان داوە، کە ئاماژە بە پێویستی بە دانانی یاساییەکی تایبەت بۆ پاراستنی ئاسایشی زانیاریی دەکەن. تەنها (١٨)یان بەڕێژەی (٤.٩%) وەڵامی "نەخێر"یان داوە، کە دەریدەخات ڕێکخستنی یاسایی بۆ ئەوان گرنگ نییە یان پێیان وایە ڕێکارەکان بەسن.

هەروەها نرخی کای دوو ($\chi^2 = 4.05$) لەگەڵ ئاستی بەها (P-value = 0.215) کە لە (٠.٠٥) گەورەترە، دەریدەخات کە جیاوازییەکی ئاماریی بەرچاو لە نێوان گرووپەکان لەم پرسیارەدا بوونی نییە. ئەمە واتای ئەوەیە کە داواکردنی یاسای تایبەت بە شێوەیەکی گشتگیر لە نێوان هەموو بەشداربووان بڵاوبووەتەوە.

ئەم ئاستە بەرزە پشتگیری (٩٥.١%) پەیامێکی زۆر ڕوونی دەنێرێت لە نێوان ڕۆژنامەنووساندا کۆکییەکی تێکڕا هەیە لەسەر پێویستی بە دانانی چوارچێوەی یاسایی تایبەت بۆ پاراستنی ئاسایشی زانیاریی لە تۆڕەکانی سۆشیالمیدیا. ئەم پشتگیریە بەهێزە دەتوانێت وەکو بنچینەیەک بۆ داوای فەرمی لە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنرێت بۆ دامەزراندنی یاسایەکی تەرخانکراو لەم بوارەدا.

– بەپێی ئەنجامی خشتەکە خستنەڕووی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای بوونی دامەزراوەیەکی تایبەتمەند بۆ بەکاربەران لەئەگەری هەڕەشە و مەترسییەکانی دجیتالی، بەپێی ئەنجامەکانی خشتەکە، زۆرینەی زۆری بەشداربووان بەڕێژەی (٩١.٩٪) کە بریتین لە (٣٤١) ڕۆژنامەنووس، ڕازین لەسەر ئەوەی پێویستی بە دامەزراندنی دامەزراوەیەکی تایبەتمەند هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسیەکانی دیجیتاڵ و هەڕەشەکانی ئاسایشی زانیاریی. ئەمەش ئاماژە بە هۆشیاری بەرز و نیگەرانی ئەو پیشەییانە دەکات دەربارەی ئەم مەسەلە گرنگە. لەلایەکی ترەوە، تەنها ڕێژەی (٨.١٪) لە بەشداربووان (٣٠)ڕۆژنامەنووس پێیان وانییە کە پێویستی بە چەند دامەزراوەیەکی تایبەت نییە بۆ ئەم مەبەستە. ئەم ڕێژە کەمە نیشانی ئەوە دەدات کە زۆرینەی ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان هەست بە کەمی و کەڵەکەی ڕێکخستنەکانی ئێستا دەکەن لە بەرەنگاربوونەوەی مەترسیەکانی دیجیتاڵ.

خشتەی ژمارە (12) تێستی(Kolmogorov-Smirnov Test) بۆ زانینی دابەشبوونی نۆرماڵی تەوەرەکان

| تەوەرەکان | تاقیکردنەوەی ئاماری | بەهای ئەگەری p-value |
|---|---|---|
| شێواز و مەبەستی بەکارهێنانی تۆڕەکانی سۆشیالمیدیا | 0.047 | 0.056 |
| هۆشیاری و هەڕەشە و پێشێلکارییەکانی ئاسایشی زانیاریی لە تۆڕەکانی سۆشیالمیدیا | 0.067 | 0.091 |
| کاریگەری تۆڕەکانی سۆشیالمیدیا لەسەر ئاسایشی زانیاریی لەهەرێمی کوردستان | 0.064 | 0.051 |
| ڕێکار و ستراتیژەکانی پارێزگاریکردن لە ئاسایشی زانیاریی | 0.048 | 0.052 |
| پێشنیارەکان بۆ باشترکردنی ئاسایشی زانیاریی لە تۆڕەکانی سۆشیالمیدیادا | 0.056 | 0.045 |

خشتەی (12) خستنەڕووی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای تێستی(Kolmogorov-Smirnov Test) بۆ زانینی

دابەشبوونی ئاسایی تەوەرەکانی توێژینەوە دەردەکەوێت، کەوا گشت تەوەرەکان داتاکانیان بەشێوەی نۆرماڵ( Normal Distribution) دابەش دەبێت و بەپێی ئەنجامی تێستی(Kolmogorov-Smirnov Test)، کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە، هەروەها بەهای ئەگەری(p-value)ی گشت تەوەرەکان گەورەترە لە هەڵەی ڕێپێدراو(α=0.05)، واتە دابەشبوونی داتاکان نۆرماڵە، بەو پێیە دەتوانرێت تێستە ئامارییە زانراوەکان(Parametric test)بەکاربهێنین. بەپێی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی کۆلمۆگۆرۆڤ-سمیرنۆڤ (Kolmogorov-Smirnov Test) کە لە خشتەکەدا خراوەتەڕوو، دەتوانین شیکردنەوەیەکی ورد لەسەر دابەشبوونی ئاسایی (Normal Distribution) داتاکانی توێژینەوەکەمان بکەین(Kolmogorov, 1933: 83). لە پێناسەی ئاماریدا، تاقیکردنەوەی کۆلمۆگۆرۆڤ-سمیرنۆڤ یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی پشکنینی دابەشبوونی ئاسایی داتاکان، کە بەتایبەتی لە نموونە بچووکەکاندا (n<50) بەکاردێت. ئەم تاقیکردنەوەیە لەسەر بنەمای بەراوردکردنی دابەشبوونی چاوەڕوانکراو لەگەڵ دابەشبوونی تێبینیکراو کاردەکات. شیکردنەوەی ئەنجامەکان نیشان دەدات کە هەموو پێنج گۆڕاوەکانی سەرەکی توێژینەوەکە دابەشبوونی ئاساییان هەیە. تەوەری یەکەم (شێواز و مەبەستی بەکارهێنانی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا) بە نرخی ئاماری (٠.٠٤٧) و نرخی p-value (٠.٠٥٦)، واتە( p<٠.٠٥)، نیشاندەری دابەشبوونی ئاساییە. بە هەمان شێوە، تەوەری دووەم (هۆشیاری و هەڕەشە و پێشێلکارییەکانی ئاسایشی زانیاریی لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا) بە نرخی ئاماری( ٠.٠٦٧) و p-value (٠.٠٩١) کە( p<٠.٠٥)یە، هەروەها دابەشبوونی ئاساییان نیشان دەدات. بەردەوامی شیکردنەوەکە نیشان دەدات کە تەوەری سێیەم (کاریگەریی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لەسەر ئاسایشی زانیاریی لە هەرێمی کوردستان) بە نرخی ئاماری (٠.٠٦٤) و p-value (٠.٠٥١)، گۆڕاوی چوارەم (ڕێکار و ستراتیژەکان بۆ بارکردنەوە لە ئاسایشی زانیاریی) بە نرخی ئاماری (٠.٠٤٨) و p-value (٠.٠٥٢)، و گۆڕاوی پێنجەم (پێشنیارەکان بۆ باشترکردنی ئاسایشی زانیاریی لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیادا) بە نرخی ئاماری ٠.٠٥٦ و p-value (٠.٠٤٥) هەموویان نرخی( p<٠.٠٥)یان هەیە، کە ئەمەش واتای ئەوە دەدات کە داتاکان دابەشبوونی ئاساییان هەیە.

ئەم ئەنجامانە لە ڕووی میتۆدۆلۆژییەوە زۆر گرنگن، چونکە دابەشبوونی ئاسایی داتاکان یەکێکە لە پێشمەرجە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی تاقیکردنەوە پارامەترییەکان وەک ڕێگەیی چەندگۆڕاوەیی (Multiple Regression) و (تاقیکردنەوەی t. )بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کە داتاکانی توێژینەوەکەمان شایستەی بەکارهێنانی شیکردنەوە پارامەترییەکانن و ئەنجامەکانی شیکردنەوە ڕێگەییەکە پشت بە بنەمای ئاماری پتەوەوە دەبەستێت.

خشتەی ژمارە (13) پەیوەندی ئاماری تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا و ئاسایشی زانیاریی

| | | گۆڕاوی پاشکۆ | |
|---|---|---|---|
| | | ئاسایشی زانیاریی | بڕیاری ئاماری |
| گۆڕاوی سەربەخۆ | تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا | 0.656**<br>p (0.000) | بەهادارە |
| ** پەیوەندییەکی بەهاداری ئاماری لە ئاستی کاریگەری بوونی هەیە بەجۆرێك (p≤ 0.05) | | | |

بەپێی دراوەکانی خشتەی Pearson correlation لە خشتەی ژمارە (13) پەیوەندی ناماری تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا و ئاسایشی زانیاریی دەگرێتەوە، دەتوانین شیکردنەوەیەکی ورد دەربارەی پەیوەندی نێوان ئەم دوو گۆڕاوە گرنگە بکەین. ئەم تستە ئامارییە نیشانی ئەوە دەدات کە پەیوەندییەکی بەهێز و دەلالەتدار لە نێوان بڕیاری ناماری (گۆڕاوی سەربەخۆ) و (گۆڕاوی پەیوەستدار) دا هەیە. هاوکێشی پەیوەندی پیرسۆن کە نرخی (٠.٦٥٦) نیشان دەدات، پەیوەندییەکی مامناوەند بۆ بەهێزی ئەرێنی نێوان ئەم دوو گۆڕاوەیە دەردەخات. بەپێی ڕێنماییەکانی کۆهن بۆ لێکدانەوەی هاوکێشەکانی پەیوەندی، نرخەکانی نێوان (٠.٥٠ - ٠.٧٠) وەک قەبارەی کاریگەری گەورە دادەنرێن، کە

ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم پەیوەندییە نەک هەر دەلالەتی ئاماری هەیە، بەڵکو دەلالەتی پراکتیکی گەورەشـــی هەیە لە چوارچێوەی ژیانی ڕاستەقینەدا. ئەمەش واتە کە زیادبوونی بریاری ناماری لە تۆڕەکانی سـۆشـیالمیدیا بە شـێوەیەکی بەرچاو دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاسایشی زانیاریی لەلای بەکارهێنەران.

لە ڕووی دەلالەتی ئامارییەوە، نرخی ئاســـتی دەلالەت (٠.٠٠٠) کە بە واتای کەمتر لە( ٠.٠٠١ ە)، پەیوەندییەکی زۆر دەلالەتدار دەردەخات لە نێوان ئەم دوو گۆڕاوەیەدا. ئەمەش فەرزی سفر ی پەیوەندی نەبوون بە توندی ڕەت دەکاتەوە و فەرزی جێگرەوەی پەیوەندی بوون قبوڵ دەکات. بە واتایەکی تر، ئەگەری ئەوەی ئەم پەیوەندییە بە تووشـــبوونی تەسادوفی ڕوویداوە، زۆر کەمە (کەمتر لە ٠.١٪)، کە ئاستی متمانەی زیاتر لە (٩٩.٩٪) پێشکەش دەکات لە راستی ئەم پەیوەندییەدا.

هاوکێشی دیاریکردن کە لە (٠.٦٥٦)ی دووەم = (٠.٤٣) دێتە دەر، نیشانی ئەوە دەدات کە نزیکەی (٤٣٪)ی جیاوازی لە ئاســـایشـــی زانیارییدا لەلایەن بریاری ناماری لە تۆڕەکانی ســـۆشـــیالمیدیاوە ڕوون دەکرێتەوە. ئەمەش توانای ڕوونکردنەوەی بەرچاو دەردەخات، واتە بەشێکی گەورەی گۆڕانکارییەکان لە ئاستی ئاسایشی زانیارییدا دەتوانرێت بە ئاراستەی ڕاستەوخۆ بۆ ئاستی بریاری ناماری تێبگەیشترێت و پێشبینی بکرێت.

خشتەی ژمارە (14) کاریگەریی تۆڕەکانی سۆشیالمیدیا لەسەر ئاسایشی زانیاریی لە هەرێمی کوردستان

| گۆڕاوی پاشکۆ | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاسایشی زانیاریی | | | | | | |
| R2 | F | Bبڕی کاریگەری- | بڕی نەگۆڕ | T.TEST | | |
| %51 | 1.976 p (0.000) | 0.656 t (14.612) p (0.000) | 1.493 t (7.303) p (0.000) | 3.76 p (0.000) | تۆڕەکانی سۆشیالمیدیا | گۆڕاوی سەربەخۆ |

خشـــتەی (14) بەپێی ئەنجامەکانی شـــیکردنەوەی ڕێگەیی (Regression Analysis) کە لە خشـــتەکەدا خراوەتەڕوو، دەتوانین چەندین دەرئەنجامی گرنگ دەربارەی کاریگەریی تۆڕەکانی ســـۆشـــیالمیدیا لەســـەر ئاســـایشـــی زانیاریی لە هەرێمی کوردستان بەدەستبهێنین.

لە ڕووی هێزی مۆدێلەوە، نرخی $R^2$ (٥١%) ئەوە نیشـــان دەدات کە (٥١%) لە گۆڕانکارییەکان لە گۆڕاوی پاشـــکۆی ئاســـایشـــی زانیاریی لەلایەن گۆڕاوە ســـەربەخۆکانی تێکەڵاو لە مۆدێلەکەدا ڕوونکراوەتەوە. ئەمەش گۆڕانکارییەکی مامناوەندە و پێشـــنیارکردنێکی باشـــی مۆدێل نیشـــان دەدات. هەروەها نرخی F (١.٩٧٦) لەگەڵ نرخی p (٠.٠٠٠) واتە (p<٠.٠٥)، بەڵگە لەســـەر گرنگی ئامارەیی مۆدێلی گشـــتی دەدات و ئەوە ســـەلماندووە کە مۆدێلی شـــیکراوە لە ڕووی ئامارییەوە گرنگ و پێداچوونەوەیە.

ســـەرەڕای ئەوەش، ئەنجامەکان ئاشـــکرا دەکەن کە گۆڕاوی تۆڕەکانی ســـۆشـــیالمیدیا کاریگەرییەکی ئەرێنی بەهێزی لەســـەر ئاســـایشـــی زانیاریی هەیە. هاوکێشـــەی ڕێگەیی بۆ گۆڕاوی تۆڕەکانی ســـۆشـــیالمیدیا (٠.٦٥٦) لەگەڵ نرخی t (١٤.٦١٢) و p (٠.٠٠٠)، بەڵگەی بەهێزی لەســـەر ئەوە دەدات کە بەکارهێنانی تۆڕەکانی ســـۆشـــیالمیدیا بە شـــێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی لەســـەر ئاســـتی ئاســـایشـــی زانیاریی لەنێو ڕۆژنامەنووســـاندا هەیە. ئەمە واتای ئەوە دەدات کە زیادبوونی یەک یەکەی پێوان لە بەکارهێنانی تۆڕەکانی ســـۆشـــیالمیدیا، زیادبوونی (٠.٦٥٦) یەکەی پێوان لە ئاســـتی ئاسایشی زانیارییدا لێدەکەوێتەوە.

لەلای دیکەشەوە، گۆڕاوی سەرچاوەی گۆڕاو (١.٤٩٣) لەگەڵ نرخی t (٧.٣٠٣) و p (٠.٠٠٠) نیشاندەری کاریگەرییەکی گرنگی ئاماری لەســـەر گۆڕاوی پاشـــکۆیە. ئەمەش پێمان دەڵێت کە ســـروشـــتی ســـەرچاوەکانی زانیاریی و شـــێوازی دەستپێڕاگەیشتنیان بە زانیارییەکان کاریگەریی لەسەر ئاستی ئاسایشی زانیاریی لەنێو ڕۆژنامەنووساندا هەیە.

ئەنجامی تاقیکردنەوەی t (٣.٧٦) لەگەڵ نرخی p (٠.٠٠٠) بۆ گۆڕاوی ســـەربەخۆکان بەگشـــتی، پشـــتڕاســـتکردنەوەی زیاتری گرنگی ئاماری مۆدێل و دروستی پێشـــبینییەکانی ئەوە پێشکەش دەکات. بەم شـێوەیە دەتوانین بڵێین کە ئەم

توێژینەوەیە بە ئاماری پتەو و بەڵگەیەکی زانستی مۆرکراو سەلماندووە کە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا کاریگەرییەکی ئەرێنی بەرچاوی لەسەر ئاسایشی زانیاریی لە نێو ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستاندا هەیە.

## 5- دەرئەنجام، ڕاسپاردە و پێشنیاز

### 5-1- دەرئەنجام

ئەنجامی توێژینەوەکە لەوە سەرچاوە دەگرێت، کە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا کاریگەرییەکی دوولایەنەی لەسەر ئاسایشی زانیاریی لە لەنێو ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان هەیە. لەلایەک، ئەم تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا دەرفەتی باش بۆ دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی جۆراوجۆری زانیاریی و پەیوەندی لەگەڵ بەکاربەران دابین دەکەن، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە، مەترسییەکی جدی لەسەر کوالێتی و ڕاستگۆیی زانیارییەکان دروست دەکەن. ئەنجامەکان دەرخەری ئەوەن کە ڕۆژنامەنووسان بە شێوەیەکی ئاگادارانە ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی سۆشیال میدیا نابنەوە و پێویستیان بە ستراتیژی و ڕێکارەکانی کاریگەرتر هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسییەکانی ئاسایشی زانیاریی. هەروەها دەرکەوتووە کە مەترسییەکانی وەک دەستکەوتنی داهات و دروستکردنی ڕای گشتی کەمترین نیگەرانی ڕۆژنامەنووسانن، ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان زیاتر سەرنجیان لەسەر کوالێتی زانیاریی و پرۆسەکانی کاری پیشەیی کردووە. هەروەها ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە هەرچەندە ڕۆژنامەنووسان ئاگادارن لە گرنگی ڕێکارەکانی بنەڕەتی خۆپارێزی لە هەڕەشەکانی ئاسایشی زانیاریی، بەڵام لە بەکارهێنانی ئامرازە پێشکەوتووەکانی ئاسایشی دیجیتاڵی کەموکوڕییان هەیە. ڕێکارە سادەکان زیاتر بەکاردەهێنن، و ستراتیژە پێشکەوتووەکان کەم بەکاردەهێنرێن، بەشێوەیەک بەرێژەی (72.36%) ڕۆژنامەنووسان، پێویستی بە بەرنامەکانی ڕاهێنانی تایبەت هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و توانای تەکنیکی ڕۆژنامەنووسان لە بواری ئاسایشی زانیاریی لەسەر تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا.

دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەرخەری ئەوەیە کە هەڕەشەکانی ئاسایشی زانیاریی لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا کێشەیەکی گشتگیرن کە کاریگەریی لەسەر زۆرینەی ڕۆژنامەنووسانی هەرێم هەیە، بەرێژەی (73.8%)ی ڕۆژنامەنووسان بە شێوەیەکی بەردەوام تووشی ئەم هەڕەشانە دەبن، هاوکات ڕۆژنامەنووسان پەیوەستیەکی بەهێزیان لەگەڵ تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا هەیە و بەرێگەی جۆراوجۆر بەکاریدەهێنن، و گەلێکجار ناهۆشیاری سەبارەت بە مەترسییەکان زیاترە.

ڕۆژنامەنووسان لە کاتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵمیدیادا ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی ئاسایشی زانیاریی لەسەر ئاستی تەکنیکییەوە هەتا فیزیکی و دەروونی دەبنەوە. لە نێوان ڕۆژنامەنووساندا بەرێژەی (٩٥.١%) هاوڕایەکی تێکڕا هەیە لەسەر پێویستی بە دانانی چوارچێوەی یاسایی تایبەت بۆ پاراستنی ئاسایشی زانیاریی لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا، زۆرینەی زۆری بەشداربووانی توێژینەوەکە بەرێژەی (٩١.٩٪) ڕۆژنامەنووسان بەباشی دەزانن بوونی دامەزراوەیەکی تایبەتمەند گرینگ و پێویستە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسیەکانی دیجیتاڵی و هەرەشەکانی ئاسایشی زانیاریی، ئەمەش ئاماژە بە هۆشیاری بەرز و بایەخی ئەو دامەزراوەیە لەلایەن ڕۆژنامەنووسان دەردەخات.

زۆرێک لە ڕۆژنامەنووسان بێ ئەوەی هۆشیاری تەواویان لە مەترسییەکان هەبێت، زانیاری لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیاوە کۆدەکەنەوە. ئەم دۆخە پێداویستی بە چالاکییەکی ئاراستەکراو و بەردەوام هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی و دامەزراندنی سیستەمێکی پتەوتر بۆ دڵنیاکردنەوەی زانیاریی. ئەمە لەکاتێک ڕۆژنامەنووسان ئاگاداری بەرفراوانیان هەیە دەربارەی زۆرینەی هەڕەشەکانی ئاسایشی زانیاریی، بەڵام ئەم ئاگاداریە بە شێوەیەکی یەکسان دابەش نەبووە. ئەمە ئەوە پێشنیار دەکات کە پێویستە بەرنامەی پەروەردەی ئامانجدار دابنرێت کە تیشک بخاتە سەر ئەو هەڕەشانەی کە کەمتر ناسراون. هەروەها گرنگە ڕۆژنامەنووسان نەتەنها ئاگاداری ئەم هەڕەشانە بن، بەڵکوو شارەزایی کردارییان هەبێت بۆ ناسینەوە و بەرەنگاربوونەوەیان.

لەئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە، کە گرنگیدان بەرێکارەکانی پاراســتنی ئاســایشــی زانیاریی، ئاماژەیە بۆ چەندین دیاردەی گرنگ، لەوانە رۆژنامەنووسان زیاتر گرنگی بە پاراستنی زانیاریی کەسی دەدەن لە جیاتی توانای تێگەیشتن و شیکردنەوەی زانیاریی گشــتی، هەروەها هۆشیاری باش هەیە سەبارەت بە گرنگی ناسینەوەی دەســتکاری و زانیاریی ســاختە، بەڵام کەمترین گرنگیدان بە ئامرازە تەکنیکییەکانە، کە ئەمەش پێویســتی بە پەرەپێدانی زانیاری تەکنیکی هەیە. ئەگەرچی بەپێی ئەنجامەکان بۆشـــاییەکی گەورە هەیە لە بواری متمانەکردن بە دامەزراوە فەرمییەکان و بەکارهێنانی رێگا یاساییەکان.

## 5-2- راسپاردە

1- بەباشدەزاندرێت لەهەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت بە پاراستنی ئاسایشی زانیاریی لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا دابنرێت.

2- بوونی دامەزراوەیەکی تایبەتمەند لەهەرێمی کوردســـتان بۆ بەکاربەران لەئەگەری هەرەشـــە و مەترســـییەکانی دجیتاڵی.

3- دامەزراندنی پرۆگرامی راهێنانی بەردەوام بۆ رۆژنامەنووسان لەسەر ئاسایشی زانیاریی و بەکارهێنانی سەلامەتی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا.

4- پێکهێنانی دەستەیەکی پسپۆڕ بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی ئاسایشی دیجیتاڵ تایبەت بە میدیا.

5- دابینکردنی پاڵپشتی تەکنیکی و دارایی بۆ دامەزراوە میدیاکان بۆ جێبەجێکردنی رێکارەکانی ئاسایشی زانیاریی.

6- پێکهێنانی سەنتەری توێژینەوە تایبەت بە ئاسایشی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا و پەیوەندی لەگەڵ پسپۆڕانی ئاسایشی سایبەری بۆ راوێژکاری بەردەوام.

## 5-3 پێشنیازەکان

1- کاریگەریی هەڕەشە و مەترسییەکانی ئاسایشی زانیاریی لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا (تیک تۆک) بەنموونە.

2- کاریگەریی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا لەسەر ئاسایشی زانیاریی قوتابیانی زانکۆکان یاخود (فەرمانبەران ).

3- رۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی ئاسایشی سایبەری نیشتیمانی.

4- بەراوردکردنی رێکارەکانی ئاسایشی زانیاریی لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ.

5- هەڵسەنگاندنی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان لە مەترسییەکانی ئاسایشی زانیاریی لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا.

6- رۆڵی پەروەردە و راهێنان لە کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ئاسایشی زانیاریی لە تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا.

## 6- لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێب

### أ. بەزمانی کوردی


- حمەسەعید، نەزاکەت حسێن. (2022). میدیا و تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا کاریگەریی و چارەسەر. چاپخانەی پاندا.
- عەبدوڵڵا، سەروەت. (2010). تاوانە ئینتەرنێتییەکان لە نێوان یاسا و ئەخلاقدا. چاپخانەی بابان.
- عومەر، کامیل. (2017). بەدەستهێنانی زانیاریی. چاپخانەی کارۆخ.
- محمد، کارزان. (2013). رۆژنامەنووس و تاوانەکانی راگەیاندن. چاپخانەی کارۆخ.

ب. بە زمانی عەرەبی

- أحمد، حسن. (2020). الدليل الرقمي ودوره في إثبات الجريمة أمن المعلومات. دار الفكر الجامعي.
- التميمي، مهند حميد & راضي، وسام فاضل. (2020). الإعلام الجديد. دار الكتاب الجامعي.
- سليم، خالد. (2005). ثقافة مواقع التواصل الاجتماعي والاجتماعي والمجتمعات المحلية. دار المتنبي للنشر والتوزيع.
- عزام، طه. (2010). التأثير. دار المعرفة للتنمية البشرية.
- القحطاني، ذيب بن عايض. (2015). أمن المعلومات.
- الهادي، محمد محمد. (2006). توجهات أمن وشفافية المعلومات في ظل الحكومة الإلكترونية. أكاديمية السادات للعلوم الإدارية.

**دووەم: توێژینەوە بڵاوکراوەکان**

– الدهماني، عبد الله ناصر سعيد. (2023). الحماية القانونية في السوشيال ميديا للبيانات والنشر الإلكتروني في دولة الإمارات العربية المتحدة. رساله ماجستير، جامعة العلوم الإسلامية الماليزية.

– الضمو، عدنان محمد. (2022). مواقع التواصل الاجتماعي وأثرها على الأمن المجتمعي. تێزی ماستەر، جامعة الشارقة.

– ضيف الله عودة سليمان (2012) أثر شبكات التواصل الاجتماعي الإلكترونية على اتجاهات طلبة الجامعات في الأردن. رسالة ماجستير، الجامعة الأردنية.

– الفوال، عصام. (2020). تقييم إمكانية الاستثمار في تطبيق نظام إدارة أمن المعلومات في قطاع الخدمات والاتصالات السوري. تێزی ماستەر، جامعة الجمهورية العربية السورية.

– مولود، حواس. (2017). التحديات الأمنية لتكنولوجيا المعلومات. تێزی ماستەر، جامعة البويرة.

**سێیەم: گۆڤاری زانستیی**

**أ. بەزمانی عەرەبی**

– بني صالح، أروي سعيد. (2021). أهمية وسائل التواصل الاجتماعي وتأثيرها على الأمن المجتمعي والوطني في الأردن. المجلة الالكترونية الشاملة متعددة التخصصات، (36).

– العابد، سكينة. (2020). أمن المعلومات عبر شبكات التواصل الاجتماعي. المجلة العربية للمعلوماتية وأمن المعلومات، (1).

– قسمية، شفيق. (2022). ممارسة اليقظة عبر الإنترنت على درجة حماية وأمن المعلومات. مجلة أبحاث ودراسات التنمية، (9).

– الوادعي، مسفر أحمد مسفر. (2016). وسائل التواصل الاجتماعي وأثرها على الأمن الفكري من وجهة نظر طلبة المرحلة الثانوية ومعلمي العلوم الشرعية بمنطقة عسير. مجلة كلية التربية – جامعة الأزهر.

ب. به زمانی ئینگلیزیی

-Cronbach, L. J. (1951) 'Coefficient alpha and the internal structure of tests', Psychometrika.

-Krejcie, R. V. & Morgan, D. W. (1970) 'Determining sample size for research activities', Educational and Psychological Measurement.

-Likert, R. (1932) 'A technique for the measurement of attitudes', Archives of Psychology.

-Smirnov, Nikolai. (1948) 'Table for estimating the goodness of fit of empirical distributions', The Annals of Mathematical Statistics.

-Dalla Jones (2016) 'Cyber Crime – A threat to persons, property, government and societies', International Journal of Advanced Research in Computer Science and Software Engineering.

## تأثير وسائل التواصل الاجتماعي على أمن المعلومات في إقليم كردستان

**بوتان نجاة إسماعيل**
قسم الإعلام، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين–أربيل، إقليم كوردستان،العراق
botan.ismael@su.edu.krd

**هاوژين عمر محمد**
قسم الإعلام، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين–أربيل، إقليم كوردستان،العراق
hawzhin.mohammed@su.edu.krd

**الملخص**

إن التطور السريع لاستخدام شبكات وسائل التواصل الاجتماعي في إقليم كردستان كمركز للتواصل الاجتماعي ونشر المعلومات، يتزامن مع تزايد مخاطر الأمن المعلوماتي على مستويات مختلفة. تهدف هذه الدراسة إلى معرفة مستوى تأثير شبكات وسائل التواصل الاجتماعي على الأمن المعلوماتي في إقليم كردستان، وخاصة من منظور الصحفيين. تتمثل الأهداف في دراسة تأثير شبكات وسائل التواصل الاجتماعي على الأمن المعلوماتي، وكذلك أساليب استخدام شبكات وسائل التواصل الاجتماعي، وأنواع التهديدات الأمنية المعلوماتية التي يواجهونها، ومستوى الوعي والمعرفة لديهم بشأن آليات الحماية، والاستراتيجيات المستخدمة لمواجهة التهديدات. نوع المنهج البحثي المستخدم هو البحث الوصفي الذي يهدف أساساً إلى وصف وتحليل خصائص الظواهر والمشكلات. يتكون مجتمع البحث من المؤسسات والمنظمات الإعلامية في إقليم كردستان، أما عينة البحث فتتكون من الصحفيين الماهرين والخبراء العاملين في الإعلام المرئي والمسموع والإلكتروني، والذين لديهم خبرة مهنية في المجالات الإعلامية. ولتحديد عينة البحث، تم استخدام أسلوب العينة القصدية. يبلغ المجموع الكلي للعينة (371) صحفياً. تكون إطار استمارة الاستبيان من (ستة) محاور، اعتماداً على الجانب النظري للبحث، وتم تحليل النتائج من خلال برنامج (SPSS). تشير نتائج البحث إلى أن شبكات وسائل التواصل الاجتماعي لها تأثير مزدوج على الأمن المعلوماتي بين الصحفيين. من جهة، توفر شبكات وسائل التواصل الاجتماعي فرصاً جيدة للوصول إلى مصادر متنوعة من المعلومات والتواصل مع المستخدمين، ومن جهة أخرى تخلق مخاطر جدية على جودة ومصداقية المعلومات. كما أن الصحفيين لا يواجهون تحديات شبكات وسائل التواصل الاجتماعي بشكل واعٍ ويحتاجون إلى استراتيجيات وآليات أكثر فعالية للتعامل مع مخاطر الأمن المعلوماتي.

**الكلمات المفتاحية:** التأثير، شبكات وسائل التواصل الاجتماعي، الأمن المعلوماتي، إقليم كردستان

## The Impact of Social Media on Information Security in the Kurdistan Region

**Botan Najat Ismael**
Department of Media, College of Arts, Salahaddin University, Erbil - Kurdistan Region, Iraq
botan.ismael@su.edu.krd

**Hawzhin Omer Mohammed**
Department of Media, College of Arts, Salahaddin University-Erbil,Kurdistan Region, Iraq
hawzhin.mohammed@su.edu.krd

**Abstract**

The rapid development of social media networks usage in the Kurdistan Region as a center for social communication and information dissemination coincides with increasing information security risks at various levels. This research aims to determine the level of impact of social media networks on information security in the Kurdistan Region, particularly from the perspective of journalists. The objectives include examining the impact of social media networks on information security, as well as the patterns of social media usage, types of information security threats they face, their level of awareness and knowledge about protection mechanisms, and the strategies they use to counter threats. The type of research methodology employed is descriptive research, which primarily aims to describe and analyze the characteristics of phenomena and problems. The research population consists of media institutions and organizations in the Kurdistan Region, while the research sample comprises skilled and experienced journalists working in visual, audio, and electronic media who have professional experience in media fields. For determining the research sample, purposive sampling method was used. The total sample size is 371 journalists. The questionnaire framework consisted of six dimensions, based on the theoretical aspect of the research, and the results were analyzed using the SPSS program. The research findings indicate that social media networks have a dual impact on information security among journalists. On one hand, social media networks provide good opportunities for accessing diverse information sources and communicating with users, while on the other hand, they create serious risks to the quality and credibility of information. Furthermore, journalists do not consciously address the challenges of social media networks and need more effective strategies and mechanisms for dealing with information security risks.

**Keywords:** Impact, Social Media Networks, Information Security, Kurdistan Region